# رەخنەی پراکتیکی

بریتییە لەو ڕێوشوێن و پرنسیپانەی کە لە لێکۆڵینەوەی دەقێکی ئەدەبی دەیگیرێتە بەر، بەمەبەستی روونکردنەوەی رەهەندەکانی دەقەکەو دەرخستنی لایەنە شاراوە و نەگوتراوەکانی بۆ خوێنەران، بەمەش رەخنەی پراکتیکی وەکو چالاکییەکی ئەدەبی بەرچاو دەکەوێت کە لەرێگەی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبییەوە بەشدارییەکی کارا لە دروستکردن و پێکهێنانی چێژی ئەدەبی دەکات. لەبەر ئەوە رەخنەی پراکتیکی پێویستی بە کەرستە و ئامرازی تایبەت هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی، سەرەڕای ئەوەش پێویستی بە فێربوون و راهێنان و مەشقکردنەوە هەیە، تاوەکو رەخنەگرێکی بە ئەزموونی لێ بکەوێتەوە. کەواتە رەخنەی پراکتیکی ئەوەندە پەیوەستە بە چالاکییەکی ئەدەبی، ئەوەندەش پەیوەستە بە زانینی هۆکار و کەرستەو ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەو هەروەها کەڵەکەبوونی ئەزموون لە رێگای مەشق و راهێنان و فێربوونی رێگا و شێوازەکانی لێکۆڵینەوەوە.

بنچینەی و بناغەی رەخنەی پراکتیکی، رەخنەی تیۆرییە، چونکە هەموو شتێك لە بوون و ژیاندا لایەنی تیۆری و جێبەجێکاری هەیە، ئەم دووانەیەش، دووانەیەکی مەعرفی و سەرچاوەیەکی هزری پێکدەهێنن و بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت لەیەکتر جودا بکرێنەوە. بۆیە کاتێك ئەم دووانەیە لەسەر رەخنەش جێبەجێ دەکرێت. رەخنەی تیۆری و رەخنەی پراکتیکی و جێبەجێکاری لێ دەکەوێتەوە. هەر چەندە لەرووی دەرەوە جیاوازییەك لە نێوان هەردوو زاراوەی رەخنەی تیۆری و رەخنەی پراکتیکی بەدی دەکرێت، بەڵام ئەو جیاوازییە رێژییە، چونکە هەردوو رەخنەکە لەدواجاردا لەخزمەتی دەقی ئەدەبییەوە دەبێت و کاری بۆ دەکەن. لەم روانگەیەوەش بەبڕوای ئێمە هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی ناتوانێت ئامانج و مەبەستەکانی خۆی بەدیٚ بهێنێت ئەگەر لایەنی جێبەجێکار و پراکتیکی نەبێت، بەتایبەتیش لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا، بۆیە رەخنەی تیۆری بنچینەی و بناغەی رەخنەی پراکتیکی و جێبەجێکاری پێکدەهێنێت و بەهۆیەوە رەخنەگر و توێژەر ئەو کەرستەو ئامرازانەی بەردەست دەکەوێت تا  لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی پیٚ بکات. ئەو کەرستە و ئامرازانەش بواری جیاجیا و جۆراجۆری بۆ دەرخسێنن تاوەکو رەخنەگر وتوێژەر لە روانگەی جیاوازەوە لە دەقی ئەدەبی بکۆڵێتەوە، بەهۆیەوەش سوود لە زانستەکانی دیکەی وەکو فەلسەفە و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و مۆدێرنێتەو .....تاد. وەردەگرێت و لە خزمەتی لێکۆڵینەوەی پراکتییەکەی بەکاری دەهێنێت. کەواتە رەخنەی پراکتیکی گۆڕەپانێکی فراوانی بەیەکگەیشتنی لایەنە تیۆرییە وهزرە فەلسەفییەکان و زانستەکانە و بەهۆیەوەش رەخنەگر و توێژەر دەستی کراوە دەبێت و جیهانێکی فراوانی کەرستە و بابەتەکانی لەبەردەمیدا ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت رەخنەی پراکتیکی لەسەر دەقێکی ئەدەبی جێبەجیٚ بکات و لایەن و رەهەندەکانی شیبکاتەوە.

## مێژووی ڕەخنەی پراکتیکی

ڕەخنە ڕەگ و ریشەیەکی مێژوویی هەیە، لەبەریتانیا گوتارە ئەدەبییەکانی (درایدن) و کتێبەکەی (جۆنسۆن) بەناوی ژیانی شاعیرانی ئینگلیز سەرەتاکی ڕەخنەی پراکتیکی پێکدەهێن، هەروەها گوتارەکانی (کەمبریج) لەبارلای (شکسبیر) و نووسینەکانی لەبارەی شیعرەکانی (وردزورس) لە کتێبی (ژیاننامەی ئەدیبان) لەساڵی (١٨١٧) و کتێبەکەی (ماتیۆ ئارنۆڵد) بنچینەیەکی ڕەخنەی پراکتییەکان لەخۆ گرت و کاریگەریان لەسەر ڕێچکەی ڕەخنەییدا هەبووە. ئەمانەش بوونە هۆکاری ئەوەی کە لەسەدەی هەژدەم و نۆزدەمدا ئەدەبی ئینگلیزی وەکو وانەیەکی زانکۆیی چەسپێنرا و بۆ یەکەمجاریش لە زانکۆی (ئەدینبۆرگ) وانەیەك لەمبارەیەوە پێشکەشکرا و دواتر لە زانکۆکانی وەکو ( لەندەن و (یۆنیڤێرستی کۆلێج و کینگز کۆلێج و ئۆکسفۆرد) لەساڵەکانی نێوان (١٨٢٨ ـ ١٨٣١) گوترانەوە. لە ئەمریکاش یەکەمین وانەی ئەدەب لەساڵی (١٨٠٦) لە زانکۆی هارڤارد گوترایەوە. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە خوێندنی ئەدەب لەم ماوەیەدا پشتی بە مێژووی ئەدەب و زمانناسی دەبەست و کەمتر لە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەدوا. لەبەر ئەوە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەدا بزووتنەوەیەکی بنچینەیی لە شێوازی خوێندنی ئەدەبیدا هاتە کایەوە بەتایبەتیش لە زانکۆی (کامبریج) کە سیمای سەرەکی لە بنیادنان و بەرەوپێش بردنی ئەم شێوازە نوێیە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا لەسەر دەستی مامۆستایەکی بەناوی ( ئای . تی. ریچاردز ١٨٩٣–١٩٧٩)ەوە هاتە کایەوە. کە لەمبارەیەوە دوو کتێبی نووسی، یەکێك بەناوی (پرنسیپەکانی ڕەخنەی ئەدەبی) بوو کەلەساڵی (١٩٢٤) بڵاویکردەوە، ئەوی دیکەشیان بەناوی ( ڕەخنەی پراکتیکی) بوو کە لەساڵی (١٩٢٩) چاپ بوو. لەو کتێبەدا لە ئەنجامی وەڵامی نووسراوی قوتابییەکانیدا بۆچەند شیعرێك کە بۆ یەکەمجار پێیان درابوو، چەمك و یاسا و ڕێوشوێنەکانی ئەو جۆرە ڕەخنەیەی دارشت، چونکە وەڵامی قوتابییەکانی بەهیچ شێوەیەك مایەی ڕەزامەندی نەبوو، لەزۆربەی بابەتەکاندا وەڵامەکان زۆر ساکار دەهاتنە بەرچاو. ئەمەش وای لەو (ریچاردز) کرد شێوەیەك لە شیکردنەوەی وردی دەقە ئەدەبییەکان دابڕێژێ، کە ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر ڕەخنەگر و باری ڕەخنەی ئەدەبی لەو سەردەمەدا دروست کرد.ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی دیاردەیەکی تازە لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدا سەرهەڵبدات و ڕێچکەو بنچینەکانی ڕەخنەی پراکتیکی دابرێژرێت.

## گرینگی ڕەخنەی پراکتیکی

گرینگی و بایەخی ڕەخنەی پراکتیکی لەم چەند خاڵەی خوارەوە بەدیار دەکەوێت:

١. ڕەخنەی پراکتیکی دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ چوونە ناو جیهانی دەقی ئەدەبییەوە و گەیشتن بە قووڵایی و ناخی دەقەکە و لێکدانەوەی ئامانج و مەبەستەکانییەوە. ڕێگەخۆشکەرە بۆ ڕاڤەکردنی

دەقی ئەدەبی و شیکردنەوە لایەن و رەهەندەکانی و ئاشکراکردنی نهێنیی و نەگوتراوەکانی ناو دەق.

٢. گرینگی رەخنەی پراکتیکی لەوەدایە کە تاکە هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب و پێکانی ئامانجی سەرەکی لە خوێندنی ئەدەبدا کە ئەویش گەشەپێدانی چێژی ئەدەبییە، چونکە پرۆسەی شیکردنەوە و راڤەکردنی دەقی ئەدەبی وا لە رەخنەگر و خوێنەران دەکات رۆبچنە ناو دەقی ئەدەبی و بە رەگەزە سەرەکییەکانی دەق شارەزا بن و سوودی لێ وەربگرن.

٣. ئاشکرا بوونی بەهای ئەدەب و واتا و مانایە مرۆڤایەتییەکانی، کەئەمەش لەرێگای شیکردنەوەی پێکهاتە و رەگەزە سەرەکییەکانی پێکهێنانی دەقی ئەدەبی و خستنەرووی توانای نووسەر لە هونەری گوزارشتکردن و دەربڕینی بابەتەکەی.

٤. ئاشنا بوون بە ئەزموونەکانی نووسەر و هۆکارەکانی نووسینی دەقەکەی، کەئەمەش وا دەکات ئەو ئەزموونانەی ژیان لە دوو توێی هونەریدا بۆ خوێنەران بگوازرێنەوەو لێکۆڵینەوەی رەخنەییەش بەشدارییەکی کارا لەو گواستنەوەیەدا دەکات.

٥. ئاشنابوون بەهەموو لایەنەکانی مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و ئابووری نووسەرەکەی و کاریگەرییەکانی ئەو لایەنانە لەسەر دەقەکە، کە ئەمانەش یارمەتیدەر دەبن بۆ تێگەیشتن لە سەردەمەکە و کۆمەڵگا و سروشتی خولقانی مرۆڤایەتییەوە و دەرخستنی نهێنییەکانی ژینگەی کۆمەڵگەکانەوە.

## چەمکی رەخنەی پراکتیکی

رەخنەی پراکتیکی بریتییە لە یەکێك لە شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی کە ئامانجی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبییە، بەمەستی گەیشتن بە پەیام و ئامانجەکانی دەقەکە. یاخود شێوازێکە لە شیکردنەوەی دەق بۆ گەیشتن بە بابەتێك لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا. لەمەشدا دەگەینە ئەو ڕایەی کە رەخنەی پراکیتکی لە ئەنجامی شیکردنەوەو لێکدانەوەو راڤەکردنی دەقی ئەدەبیدا چەندین مەبەست لەخۆ دەگرێت کە چەمك و پێکهاتەی سەرەکی رەخنەی پراکتیکی لەخۆ دەگرن، ئەوانیش:

١. لێکۆڵینەوەی ئاسەوار و کاریگەرییەکانی ئەدەب، ئەمەش بەهۆی توێژینەوەی رەگەزو خەسڵەتە هزری و هونەرییەکانی و ئەو بەها مرۆڤایەتییەی کە ناوەرۆکەکەی پێکدەهێنێت. هەروەها روونکردنەوەی ئەو پەیوەندییانەی کە وابەستەی ژیان و کۆمەڵگەی دەکات. لەگەڵ روونکردنەوەی کاریگەی و کارتێکردنەکانی لەسەر هزر و روانینەکانی خەڵك لەڕووی ئاکار و چێژ و ویژدانیانەوە.

٢. پشکنینی کاری هونەری لەناوەوە و ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانی نێوان بەشەکانییەوە.

٣. شیکردنەوەی هێماکانی دەق و زاروە جۆراجۆرەکانی، بەمەبەستی گەیشتن بە کرۆکی مەبەستەکانی و رەگەزە پێکهێنەرەکانی جوانیناسییەکەی.

٤. هەڵوەشاندنەوەی دەق و شیکردنەوەیان بۆ پێکهێنەرە سەرەتاییەکانی ئیستاتیکییەکەی و دواتریش کۆکردنەوەی ئەو رەگەزانە لەپێناو بونیادی دەلەلاتی دەقەکە.
٥. هەڵوەشاندنەوەی دەق لەڕووی زمانەوانی و پێکهاتنییەوە لەپێناو بنیاندنی دەلالی دەقەوە.
لەم لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو مەبەستانەی رەخنەی پراکتیکیدا ئەوە روون دەبێتەوە کە رەخنەی پراکتیکی ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی دەقی ئەدەبییە بۆ رەگەزە سەرتاییەکانی پێکهێنەری و شیکردنەوەیان بەشێوەیەك بەش بەشی و راڤەکردنیان بەمەبەستی ئاشکراکردنی بەها مرۆڤایەتییەکانی و پێگەی ئیستاتیکەکەی و دیاریکردنی هێڵە هزری و هونەرییەکەی کە وا دەکات وەرگر لێی تێبگات و چێژی لیّ وەرگریّ.

## <u>جۆرەکانی رەخنەی پراکتیکی</u>

رەخنەی پراکتیکی چەند جۆرێکی هەیە لەوانەش:
١. رەخنەی پراکتیکی کەسی: ئەو رەخنەیە ئەگەر چی بنەماکانی رەخنەی وەکو حوکمدان و بڕیاردان، بەلاّم چونکە هیچ شیکردنەوەو راڤەکردنێکی هونەرییانەی لەگەلّ نییەو بەشێوازێکی ئەدەبییانە دانەڕێژراون، بۆیە بە رەخنەیەکی ناهونەری و نازانستی لەقەڵەم دەدرێت. زۆربەی جار ئەو رەخنە کەسییانە ، زارەکییانە دەردەبڕێن، بۆنمونە دەڵێت: ئەو شیعرە جوانە. ئەو چیرۆکە بە چێژە. ئەم رۆمانە گرینگە....تاد. ئەو جۆرە رەخنانە کەسین و زیاتر زارەکین و زۆر کورتن و دوورن لە هەر لێکدانەوەو راڤەکردنێکەوە، بۆیە بە ئەو جۆرە رەخنە پراکتیکییە، بەلاّم هونەری و زانستی نییە.
٢. رەخنەی پراکتیکی ئەکادیمی: چوارچێوەی کارکردنی ئەو جۆرە رەخنەیە زانکۆکان و تێیدا توێژینەوەی دەرچوونی قوتابیان و نامەکانی ماستەر و تێزەکانی دکتۆرا و گشت و ئەو توێژینەوانەی لەلایەن مامۆستایانی زانکۆوە دەنووسرێن، دەگرێتەوە. ئەم جۆرە توێژینەوانە خاوەن و وردی و کارامەیی زۆرن و بە رێگای و شێوازی هونەری و زانستی دەنووسرێن و پەیڕەو رێسا ویاساکانی زۆر توند و پەڕگیرن و زۆر بە توندی لەسەر قوتابی و توێژەر جێبەجیّ دەکرێت. بێگومان ئەو جۆرە رەخنەیە زانستی و هونەرییە.سنووری بەکارهێنانی ئەم جۆرە رەخنەیە تەسکە و تەنیا لە چوارچێوەی زانکۆکان جێبەجیّ دەکرێت.
٣. رەخنەی پراکتیکی ئەدەبی: یاخود هەندێکجار پێی دەڵێین رەخنەی پراکتیکی رۆشنبیری، کە خاوەن شرۆڤە و لێکدانەوەو راڤەکردنێکی زانستییانەو هونەرییانە و بواری بەکارهێنانی زۆر مەودا فروانە لەچاو رەخنەی پراکیتکی ئەکادیمی و لەسەر رووپەڕی رۆژنامە و گۆڤارەکان و هەروەها لە چوارچێوەی وتاری ئەدەبی و کتێب و نامیلکەشەوە خۆی دەبینێتەوە. ئەم جۆرە رەخنەیەش زانستی و هونەرییە و بواری بەکارهێنانیشی فراوانترە.

## ئەركی ڕەخنەی پراكتیكی

ڕەخنەی پراكیتكی سێ بنەمای گرینگ لە خۆ دەگرێت ( نووسەر . بەرهەمی ئەدەبی ـ خوێنەر) هەر چەندە ئەو سێ لایەنە خاوەن خەسڵەت و سیفتی تایبەتی خۆیانن و جۆرێك لە سەربەخۆییان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەكی پتەو بەیەكتر كۆیان دەكاتەوە، چونكە نووسەر لەڕێگای بەرهەمی ئەدەبییەوە پەیوەندی بەخوێنەر دەكات و پەیام و مەبەستەكانی پێ دەگەیەنێت. هەردووكیشیان خوێنەر و نووسەر ڕایەڵەی بەیەوەكەوە بەستنی هەردوو لایەنەكەن، بۆیە بەبێ بوونی خوێنەر ونووسەر، بەرهەمی ئەدەبی بایەخێكی ئەوتۆی نابێت، هەروەها بەبێ نووسەریش خوێنەر بوونی نامێنێت، لەهەمانكاتیشدا بەبێ بوونی خوێنەریش نووسەر و بەرهەمی ئەدەبی كاریگەرییان نابێت، بۆیە ئەم سێ لایەنە تەواوكەری یەكترن و بەیەكدی بەستراونەتەوە. بۆیە ڕەخنەی پراكتیكش لەڕوانگەیی هەر سێ لایەنەوە چەند ئەركێك لەخۆ دەگرێت و بیروبۆچوونەكانی خۆی بەسەر هەر سێ لایەندا پیادەدەكات، بەشێوەیەك هیچ یەكێك لەمانە بەسەر ئەویدیكە ناچەسپێنێت، بەڵكو كارو ئەركەكانی خۆی لەڕوانگەی ئەو سێ لایەنەوە دادەڕێژێت:

ـ نووسەر: لەو ئەركانەی كە ڕەخنەی پراكتیكی لەگەڵ نووسەر و هونەرمەندا پیادەی دەكات، ئەوەیە كە نووسەرو هونەرمەن بە بەرهەمەكانی خۆیانیان دەناسێنێت، بەو واتایەی هەلێكیان پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی یەكتر بناسین، ئەمەش لەڕێگای شیكردنەوەو لێكدانەوەی دەقەكانیان و دەستنیشانكردنی لایەنی باشەو خراپەی دەقەكە. بۆیە نووسەران لەڕێگەی ڕەخنەی پراكتییكەوە ئەزموون و شارەزایی و كارامەیی بەدەست دەهێنن و لە بەرهەمی داهاتوویاندا سوودی لێ وەردەگرن.

ـ بەرهەمی ئەدەبی: سەرەڕای ئەوەی كە ڕەخنەی پراكتیكی هەنگاوی یەكەمی كاركردنی لەگەڵ دەقدایە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەگر لە كارەكەیدا هەرەمەكی بڕیارەكانی خۆی نادات، بەڵكو پابەندی ڕێسا و یاسای دیاریكراو دەبێت، چونكە ڕەخنەگر مافی ئەوەی هەیە بچێتە كونج و كەلەبەرەكانی دەق و لەناخیدا بژیت و شیكردنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بكات. لەمەشدا سەرەڕای ئارەزوو خۆی بۆ كارەكەی و چێژ وەرگرتنی لە پیشەكەیدا، پشت بەو كەرستەو ئامرازانە دەبەستێت كە ڕەخنەی پراكتیكی بۆی فەراهەمكردووە. لەمەشدا گرینگی ڕەخنەی پراكتیكی بەدیار دەكەوێت كە ڕاستەوخۆ لەبەردەم ڕاستیی دەقە ئەدەبییەكانمان دادەنێت، بەشێوەیەك كەهیچ بوارێكی بۆ گومان و گریمانەكان ناهێڵێتەوە، كە بەهۆیەوەش وەڵامە ڕاستەوخۆیەكانمان دەستگیر دەبێت ، كە ئەمەش لە بواری زانستی زیاتر نزیكمان دەكاتەوە. بۆیە ڕەخنەی پراكتیكی دەقە ئەدەبییەكانمان بۆ شیدەكاتەوەو لێمانی نزیك دەكات و ڕەگەزە پێكهێنەرەكانیمان بۆ دیاری دەكات و لایەنە جوانیناسییەكەی ئاشكرا دەكات. بۆیە دەقی ئەدەبی لە باوەشی ڕەخنەی پراكتیكی گەشە دەكات و پێ دەكات، چونكە لایەنی زانستی و ڕاستەقینەی خۆی لە پراكتیكردنی تیۆرە ڕەخنەییەكانەوە دەبینێت. ئەو ئەركە گرینگەی كە ڕەخنەی پراكتیكی لە بەرانبەر

دەقی ئەدەبی پیادەی دەکات، وای لە بەشێك لە لێکۆڵەر و رەخنەگران کردووە بانگەشەی (مەرگی نووسەر) بکەن ، بۆ ئەوەی خاڵی دەستپێکردنیان لە دەقی ئەدەبیەوە سەرهەڵبدات، ئەمەش بایەخدانێکی بێ وێنەیە بەدەقی ئەدەبی.

. خوێنەر: بەهەمان شێوە نووسەر و بەرهەمی ئەدەبی، رەخنەی پراکتیکی بایەخێکی بێ وێنەی بە خوێنەر وەکو وەرگرێکی پەیامەکانی نووسەر لەرێگەی بەرهەمی ئەدەبییەوە، دەدات. ئەو ئەرکانەی کە رەخنەی پراکتیکی بۆ خوێنەری فەراهەم کردووە ئەوەیە کە کۆمەڵێك گریمانەی لەبەردەم خوێنەر لەبارەی دەقی ئەدەبی دادەنێت، کە بەهۆیەوە خوێنەر دەتوانێت بچێنە ناو جیهانی دەقەکەوە. بۆیەش رەخنەی پراکتیکی رۆڵێکی کارا لە گەیاندنی مەغزا و مەبەست و پەیامەکانی دەق بۆ خوێنەر دەگێرێت. کەئەمەش دەبێت یەکێك لە ئەرکە هەرە گرینگەکانی رەخنەی پراکتێکی کە پردێکی پەیوەندی لەنێوان دەق و خوێنەر بکاتەوە، بەتایبەتیش لەو سەردەمە خێراییەی ئێستای جیهاندا کە خوێنەران کاتێکی وایان لەبەر دەست نییە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست پەیوەندی بە دەقەوە بکەن و پەیام و مەبەستەکان وەربگرن. بۆیە مەعریفەی ئەدەبی لای خوێنەر پێویستی بەوە هەیە کە خوێنەر بەردەوام لەگەڵ دەقەکاندا بژیت، لەم ڕووەوەش رەخنەی پراکتیکی وا دەکات چێژێکی ئەدەبی بۆ خوێنەر دروست بێت و بیخاتە ناو ئەو جیهانەوە کە مەعریفەی لێ وەربگرێت. بەڕای (دیڤید دیتشس)ەوە رەخنەی پراکتیکی دوو سوودی کاریگەری بۆ خوێنەران هەیە:

١. شارەزای لە شێواز و رێگا جۆراجۆرەکانی رەخنەی پراکتیکی دەبێت.

٢. توانا و شیانی ئەوە پەیدا دەکات لایەن و رەهەندەکانی دەق بناسێت و شییان بکاتەوەو حوکمی دیاریکراویان لەسەر بدات.

بۆیە زۆربەی رەخنەگرو لێکۆڵەرەکان لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە رەخنەی پراکتکیی میانەی نێوان خوێنەر و دەقی ئەدەبی دەکات و ئامانجی سەرەکی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبییە بەمەبەستی یارمەتیدانی خوێنەر لەسەر چێژ وەرگرتن و تێگەشیتن، ئەمەش لەرێگای شیکردنەوە و راڤەکردنی لایەن و رەهەندەکانی دەقەوە.

# هەنگاوەکانی شیکردنەوەی دەق

بۆ ئەوەی کاری ڕەخنەگرتن لەسەر دەقێکی ئەدەبی پەیڕەو بکەین و ڕەخنەیەکی هونەری و ئەکادیمی بەرهەمدار بنیاد بنێین، پێویستە چەند هەنگاوێکی زانستی لەمبارەیەوە پەیڕەو بکەین کە بەم هەنگاوانە لایەنە شاراوەکانی دەق ئاشکرا دەکەین و بەشدارییەکی کارا لە دەقە ئەدەبییەکە دەکەین و زانیاری پێویست لەبارەیەوە پێشکەش بە خوێنەران دەکەین، چونکە ڕەنگە خوێنەر بەو شێوە هونەری و قووڵییە درك بە سەرجەم لایەنە پێکهێنەرەکانی دەقەکە نەکات، دواجاریش بەهۆی پەیڕەوکردنی ئەو هەنگاوانەوە بەشداری لە دروستکردنی چێژی هونەری لەلای خوێنەری دەقەکە دەکەین، لەهەمانکاتیشدا بەهۆی ئەو هەنگاوانەوە دەقێکی ڕەخنەیی دێتەبوون کە یارمەتی خودی نووسەرەکەش دەدات بۆ ئەوەی خەوش و لایەنەکانی دەقەیەکی بەتەواوەتی بۆ ڕوون ببێتەوە. ئەم هەنگاوانەش ئەمانەن:

أ. خوێندنەوە:

یەکەم کاری ڕەخنەی پراکتیکی بە خوێندنەوە دەست پێدەکات، دیارە پرۆسەی خوێندنەوە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیە لەنێوان خوێنەر و دەقدا و بەهۆیەوە زانیارییەکانی ناو دەقەکە وەردەگرین، خوێندنەوەش دەتوانین بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبێت:

یەکەمیان / خوێندنەوەیەکی ئاسایی، کە زیاتر خوێندنەوەیەکی ساکار و سەرپێیییە، ئەو خوێندنەوەیە گشتییە و هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە دەخوێنێتەوەو زانیاری بەدەست دەهێنێت.

دووەمیان / خوێندنەوەیەکی نموونەیی، کە تەواوی دەقەکە چەند جارێك بە هزرێکی کراوە دەخوێندرێتەوە و لایەنەکانی دیاری دەکرێت. ئەو جۆرە خوێندنەوەیە تایبەتییە و زیاتر ڕەخنەگرەکان ئەنجامی دەدەن.

سێیەمیان/ خوێندنەوەی زیرەك، کە تەواوی دەقەکە شەن و کەو دەکرێت و کەموکوڕی و لایەنە شاراوەکانی دەستنیشان دەکرێت و هەوڵ دەدرێت لە ڕێگەی کۆمەڵێك پرسیاری تایبەت بە ناوەڕۆکی دەقەکە، هونەرەکانی پێکهاتنی دەق دیار بکرێت و زانیاری لەبارەیەوە بخرێتەڕوو .

ئەوەی دووەم و سێیەمیان دەکەوێتە ناو چوارچێوەی رەخنەی پراکتیکییەوە، کە پێویستە بەزەینێکی کراوە بەرەو دەقەکە بچین و رێگا دەدین دەقەکە کار لە زەین و هزرمان بکات، لێرەدا زەین و هزر وەکو ئیسفەنجێك، واتای لاوەکی و سەرەکی و رەنگدانەوەکانی هێواش هێواش بۆ خۆی کێش دەکات. دیارە هەموو کەسێك بیٚ ئەوەی خۆشی ئاگاداری بێت ، شتگەلێك لەبارەی ئەو دەقەکەی کە دەیخوێنێتەوە جا شیعر بێت یان چیرۆك و رۆمان، دەزانێت ئەو زانیارییە شاراوانە لەکاتی خوێندنەوەی دەقدا بەکار دەهێنێت بۆ تێگەیشتن، بەلاّم کاری رەخنەی پراکتیکی ئەوەیە زانیارییەکانی ناو دەق پۆلین بکات و ئامانج و مەبەستەکانیان دیاری بکات و لێیان بکۆڵێتەوە. بۆیە لەکاتی خوێندنەوەی دەقدا دەبێت ئەوە دەستنیشان بکەین بەدوای چ واتایەك لەناو دەقدا دەگەڕێین، لە قۆناغی یەکەمدا دەبێت ئەو چوارچێوە فکرییە دیاری بکەین کە زانیارییەکانی دەقەکەی لێوە هەڵقوڵیون و لەتەواوی وردەکارییەکانی دەقدا هەن و شیکراوەتەوە. واتا دەبێت جۆری ئەو لێکۆڵینەوەیە دیاری بکەین کە کاری لەسەر دەکەین، بۆ نموونە ئایا وتارێکی رەخنەیی لەبارەی دەقەکە دەنووسین، یان توێژینەوەیەکی ئەکادیمی، چونکە ئەو لایەنانە کاریگەرییان لە سەر جۆری خوێندنەوە دەبێت.

<u>ب. ناونیشان :</u>

دووەمی هەنگاوی شیکردنەوەی دەق دەبێت لە ناونیشانی دەقەکە وردبینەوە، چونکە ناونیشان رەگەزێکی گرینگی دەق و شوناسی دەقە و بەهۆیەوە ناوەرۆکی دەق زیاتر دێتە ناسین، لەراستیدا هەموو شتێك لە گەردووندا خاوەن ناونیشانی خۆیەتی و هەموو بوونەوەرەکان بەمرۆڤیشەوە بەهۆی ناونیشانیانەوە لەیەکتری جودا دەبنەوە، بۆیە گرینگی ناونیشان لە دەقیشدا دەردەکەوێت و بەرهەمی نووسەرێك لە نووسەرێکی دیکەوە بەهۆی ناونیشانەوە لەیەکتری جودادەبنەوە. لەمبارەیەوە (لۆسییە گۆڵدەمان) پێیوایە ناونیشان سوورەیای دەقە و دەتوانێت رێگە پێچوو و پەناکانی دەق رووناك بکاتەوە ولەسەرەوە تیشك بهاوێژێتە سەر جەستەی دەق، بەو واتایەی کە ناونیشانیش خۆی دەقێکی بچووکراوەو چڕکراوەیە و لەگەڵ یەکەم خوێندنەوە سەرنجی خوێنەر بۆخۆی رادەکێشێت و چەند دالێك لەلای خوێنەر دروست دەکات و وای لیٚ دەکات لەهەناوی دەقدا بەدوای مەدلوولەکاندا بگەڕێت و کۆدەکان بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی چێژ و ئێستێتیکایەکی دەست بکەوێت کە بەهۆیەوە مەعریفەیەك بەرهەم بهێنێت کە دواجار لە سوودی تاك و کۆمەڵگا تەواو بێت ، واتە ئەو مەعریفەیە لە هەنگاونان لە جەستەی دەقەوە بۆ جەستەی تاك و کۆمەڵگا سەرەتاکەی بە

ناونیشان دەست پێدەکات و ڕێڕەوی خۆی دەبڕێت بۆ دروستکردنی ئەو ئێستێتیکایەی کە مەعریفەی لێ دەچۆڕێ. بۆیە ناونیشان کلیلێکە و دەرگاکانی ناو دەقی پێ دەکرێتەوە و لەو دەرگایانەشەوە خوێنەر دەخرێتە نێو ژوورەکانی دەقەوە. دەرگایانەشەوە خوێنەر دەخرێتە نێو ژوورەکانی دەقەوە. ناونیشان چەندین جۆری هەیە:

١. لەڕووی واتاوە:

- ناونیشانی سپی: ئەو جۆرە ناونیشانانە دەگرێتەوە کە واتایەکی روون و بێ گرێ وگۆڵ بەدەستەوە دەدەن و خوێنەر راستەوخۆ لێیان تێ دەگات، بەزۆری ئەو ناونیشانانە ئەوانەن کە لە وشەیەك زیاترە و بەتایبەتیش ئەوانەن کە لە ڕستەیەك پێکهاتوون کە واتای تەواو دەدەن. وەکو ڕۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی) مارکیز، ( گازینۆی منداڵان) کاروان عومەر کاکەسور، ( جەمشید خانی مامم کەهەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)ی بەختیار عەلی.

- ناونیشانی ڕەش: ئەو جۆرە ناونیشانانەن کە واتایەکی روون ناگەیەنن و تەمومژ و ئاڵۆزن و شاراوەن و خوێنەر راستەوخۆ ناتوانێت زانیاریی دەق لە ناونیشانەوە وەربگرێت. بەزۆری ئەو ناونیشانانە دەگرێتەوە کە لە یەك وشە پێکهاتوون، لەوانەش ڕۆمانی (شار)ی حوسێن عارف، (ونگە)ی عەبدوڵڵا سەراج. دەبێ ئەوەش بڵێین مەرج نییە هەر ناونیشانێك یەك وشە بوو، ئەوا ناونیشانی رەش بێت، بەڵکو هەندێك جار ناونیشان یەك وشەیەو ناونیشانێکی سپییە،وەکو رۆمانی (هەولێر)ی شێرزاد هەینی.ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی رەحیمی قازی.

٢. لەرووی پێکهاتەوە:

- ناونیشانی یەك وشەیی: ئەو جۆرە ناونیشانانە کە لەیەك وشە پێکهاتوون، ئەو جۆرە ناونیشانانە بەلای رەخنەگر و لێکۆڵەرانەوە زۆر قبوڵکراو نییە ، چونکە کەمترین زانیاری دەق لەناو ناونیشانەکە دەخرێتەڕوو کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی واتای روون و دیار نەبێت و دواجار ناونیشانێکی ڕەش دەبێت.

- ناونیشانی زیاتر لە یەك وشەیی: ئەو جۆرە ناونیشانە دەگرێتەوە کە زیاتر لە وشەی دارێژراو و لێکدراو دروست دەکرێن و واتای دیاریکراو دەبەخشن و بەشێك لە زانیارییەکانی دەق بۆ خوێنەر دەگوازنەوە بۆیە دەچنە خانەی ناونیشانی سپی، وەکو ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد، (پایزە خەون)ی محەمەد مەولود مەم.

- ناونیشانی رستەیی: ئەو جۆرە ناونیشانەیە کە لەرستەیەکی سەربەخۆ پێکهاتووە و کارو بەرکاری تێدایە و واتایەکی روون و دیار دەگەیەنێت. ئەم جۆرە ناونیشانە بە ناونیشانی

سپی لەقەڵەم دەدرێت و بەشێکی یەکجار زۆر زانیارییەکانی دەق لەخۆدەگرێت . وەکو ڕۆمانی ( جەمشید خانی مامم کەهەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)ی بەختیار عەلی.

٣. لەڕووی ڕەگەزەوە:

. ناونیشانی کارەکتەری: ئەو جۆرە ناونیشانەیە کە ڕاستەوخۆ ناوی کارەکتەری ڕۆمانەکە یاخود چیرۆکەکە لەخۆ دەگرێت و بەمەش بەشێك لە ڕەهەندەکانی کەسایەتی ئەو کارەکتەرە لەخۆ دەگرێت. وەکو ڕۆمانی ( کیخوا سێوێ)ی عەزیزی مەلای ڕەش.

. ناونیشانی ڕووداو: تانوپۆی ڕووداوەی دەقەکە دەبێتە ناونیشانی دەقەکە و بەمەش بەشێك لەزانیارییەکانی ناو دەق لەناونیشانەکەدا دەخرێتەڕوو. بەنموونە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم کەهەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)ی بەختیار عەلی. بەشێك لەڕووداوی دەقەکە بووەتە ناونیشان.

. ناونیشانی شوێن: ئەو جۆرە ناونیشانەیە کە شوێن دەبێتە ناونیشانی دەقەکە و بەشێك لە زانیارییەکانی دەق لەڕێگای شوێنەوە کەبووە بە ناونیشان دەگوزارێتەوە بۆ خوێنەر. بۆ نموونە ڕۆمانی (ڕێگا)ی محمەد مەولود مەم.

. ناونیشانی کات: ئەو ناونیشانەیە کە کات دەبێتە پێکهێنەری و بەمەش بەشێك لەزانیارییەکانی دەق دەگوازێتەوە. وەکو ڕۆمانی (٢٥ کاتژمێر) ، ڕۆمانی (پایزە خەونی) محەمەد مەولود مەم.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ناونیشان دەکرێ لەیەك کاتدا چەندین ڕەگەز لەخۆ بگرێت، بۆ نموونە دەکرێت ناونیشان کارەکتەر و ڕووداو بێت لەیەککاتدا وەکو ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم کەهەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)ی بەختیار عەلی. بەشێك لەڕووداوی دەقەکە بووەتە ناونیشان. لەهەمانکاتیشدا کارەکتەریش لەناو ناونیشانەکەدا هەیە. هەروەها گەلێك جار ناونیشانی دەق زانیارییەکی زۆر لەبارەی دەقەکە بەدەستەوە دەدات . بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەمیشە ناونیشانی دەق هەموو خاڵەکانی ناو دەقەکە ناگرێتە خۆی، بەڵکو دەکرێت لە هەهر ناونیشانێکدا دەتوانرێ بەشێك لە بابەتەکە دەرك بکرێ.

ج . دەستپێك:

دەستپێك هونەرێکی گرینگی دەقی ئەدەبییە، کە بریتییە لە چوونە ناو دەق و دەروازەیەکی گرینگە بۆ دەستپێکردنی بابەتی دەقەکە. بۆیە دەستپێك چەند بایەخی پێبدرێت و پوخت بکرێت هێشتا کەمە و پێویستە نووسەران لەمبارەیەوە تەواوی هونەری خۆیان بخەنەگەڕ،

بۆیه ڕەخنەگرانیش له لێکۆڵینەوەکانیاندا بایەخێکی تایبەتی به دەستپێك دەدەن. چونکه نووسەران له دەستپێکدا خوێنەر ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی گەشت بەرەو ناوەوەی دەق و بابەتەکەی دەست پێ بکات، بۆیه چەند دەستپێك هونەری بێت و زمانێکی پوختی هەبێت، ئەوەندە خوێنەران بۆ لای خۆی رادەکێشێت و بەرەوە ناوەوەی دەقیان دەبات، لەکاتێکدا ئەگەر دەستپێك لاواز و پەرت و بڵاو بوو، ڕەنگە خوێنەران سەلیقەی ئەوەیان نەبێت درێژە بەخوێندنەوەی دەقه ئەدەبییەکه بدەن و وازی لێ دەهێنن. دەستپێك وەکو هونەرێك که سەرەتای دەق دادەڕێژێت گرینگی خۆی هەیە، بەوەی زەمینەسازییەك و ڕێگەخۆشکەرێك بۆ ئامادەکردنی خوێنەر دەکات تاوەکو بچێته ناو ڕووداوەکانەوە و هێدی هێدی پێیان ئاشنا بێت. بۆیه زۆرجاران نووسەران لەڕێگەی وەسفەوە دەستپێکی دەقەکەیان دەدەرێژن، هەندێکجاریش لەڕێگەی دیالۆگەوە، یاخود باسکردنی کارەکتەری سەرەکی دەقەکە، یان لەڕێگای شوێن و کاتەوە دەستپێك دەنووسنەوە. بۆیه لەڕەخنەی پراکیکدا دەستنیشانکردنی دەستپێك و جۆرەکەی و دیاریکردنی ئاستی نووسەر له دەستپێکی دەقەکەیدا بایەخی خۆی هەیەو بەشێك له ڕەخنەی هونەرییەکەی پێکدەهێنێت، چونکه له دەستپێکدا ڕۆشنبیری و دەستڕەنگینی نووسەران بەدیار دەکەوێت. دەستپێکیش چەندین جۆر له خۆ دەگرێ: ١

ـ لەڕووی پێکهاتەوە:

أ. دەستپێکی کورت: ئەو جۆرە دەستپێکەیە که بەکورتی و پوختی نووسەر دەستپێکەکەی دادەڕێژێت و له چەند ڕستەو پەرەگرافێك تیپەڕ ناکات، ئەو دەستپێکه زۆرییەکەی له لاپەڕەیەك نابێت زیاتر دەبێت و نووسەر به چڕ و پڕی زانیارییەکانی ناو دەق دەخاتەڕوو. ئەم جۆرە دەستپێکه له شیعر و چیرۆك دا زیاتر گونجاوتره وەك له ڕۆمان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی که شیعر و چیرۆك پانتایی کارکردنیان زۆر سنووردارتره وەك له ڕۆمان که پانتاییەکی فراوانتری هەیە.

ب ـ دەستپێکی درێژ: ئەو جۆرە دەستپێکەیە که بەشێوەیەکی ورد و درێژ نووسەر دەتوانێت زانیارییەکانی ناو دەق بخاتەڕوو، ئەو جۆرە دەستپێکه ئەوەندە درێژ دەبێتەوە جاری وا هەیە بەشێکی سەربەخۆی بۆ تەرخان دەکرێت. لێرەشدا نووسەر دەستکراوەتره و سنووری کارکردنی فراوانتره وەك له دەستپێکی کورتدا هەیە، بەکارهێنانی ئەمەش زیاتر له دەقی پەخشانی و ڕۆماندا گونجاوتره، چونکه پانتاییه فراوانەکەی زەمینەسازی بۆ ئەو جۆره دەستپپێکه دەرخسێنن.

٢. لەڕووی دروستبوونەوە:

أ. دەستپێکی سەرەکی: دەستپێکی بنەڕەتی و بناغەی دەقەکەیە و زانیارییەکی چڕو پوختی دەقەکە لەخۆ دەگرێت، نووسەر لەو جۆرە دەستپێکەدا زانیارییەکانی تەواوی دەقەکە پوخت دەکاتەوە و لە چەند لاپەڕەیەك یاخود دەکرێت لە بەشێکی سەربەخۆشدا باسیان بکات و خوێنەر بەتەواوی دەقەکە ئاشنا دەکات. بەزۆری ئەو جۆرە دەستپێکە، دەستپێکێکی درێژە و نووسەر بواری زیاتر و سنوری والآتری لەبەردەمە بۆ ئەوەی چنینی دەستپێکەکەی بکات و بنج و بنەوانی بخاتەڕوو.

ب . دەستپێکی لاوەکی: ئەو جۆرە دەستپێکەیە کە نووسەر لە هەندێك سەرە وتار و بەش و بابەتی سەربەخۆدا پێویستی پیٚ دەبێت، زانیارییەکانی ناو دەق لەچاو دەستپێکی سەرەکی کەمتر دەگەیەنێت. واتە بڕی ئەو زانیارییانەی کە لەدەستپێکی لاوەکیدا دەخرێنەڕوو کەمترەو سنووردارەترە. بەمەش چالاکی و کارکردنی نووسەریش لە دەستپێکی لاوەکیدا سنووردارتر دەبێت. ئەو جۆرە دەستپێکە لە پەرەگرافێك یان چەند پەرەگرافێك، ئەوپەڕییەکەی لە لاپەڕەیەك زیاتر نابێت. بۆیە ئەو جۆرە دەستپێکە، دەستپێکێکی کورتە و بەزۆریش لە بواری ڕۆماندا بە حوکمی ئەوەی بەش بەشە، لەسەرەتای هەر بەشێك نووسەر پێویستی بە دەستپێکی لاوەکی دەبێت.

٣. لەڕووی ڕەگەزەوە:

أ. دەستپێکی کارەکتەری: ئەو جۆرە دەستپێکەیە کە ڕاستەوخۆ کارەکتەری دەقەکە دەبێتە هەڵسوڕاوی دەستپێك و خوێنەر ڕووبەڕووی کارەکتەرەکە دەکرێت، بەمەش بەشێك لە ڕەهەندەکانی کەسایەتی ئەو کارەکتەرە دەخرێتەڕوو.

ب . دەستپێکی ڕووداو: کورتەی ڕووداوەی دەقەکە دەبێتە دەستپێکی دەقەکە و بەمەش بەشێك لەزانیارییەکانی ناو دەق لە دەستپێکدا دەخرێتەڕوو. لێرەدا نووسەر ڕووداوی دەقەکە دەکاتە بنەمایەك بۆ نووسینەوەی دەستپێکەکەی و بەهۆیەوە زانیاری و پەیام و مەبەستی دەق بە خوێنەر دەگەیەنێت و ئامادەی دەکات بۆ ڕۆچوونە ناو ناواخنی دەقەکە.

ج . دەستپێکی شوێن: ئەو جۆرە دەستپێکەیە کە شوێن دەبێتە چەقی کارکردن و بەهۆی تەکنیکی وەسف کردنەوە بەشێك لە زانیارییەکانی دەقەکە بەخوێنەر دەناسرێنرێت و بەهۆیەشەوە خوێنەر دەخرێتە ناو فەزای دەقەکەوە.

**د . دەستپێکی کات:** ئەو دەستپێکەیە کە کات دەبێتە پێکهێنەری و بەمەش بەشێك لەزانیارییەکانی دەق دەگوازێتەوە.خوێنەر لەبارەی کاتی دەقەکە زانیاری لە دەستپێکەوە پێ دەدرێت و بەشێك لە فەزای دەقەکەی پێ دەناسرێنرێت.

**د. ناواخن:**

ناواخنی دەقی ئەدەبی جەوهەری کارو بیری نووسەر پێکدەهێنێت و لەوێوە هێڵە گشتییەکانی دەق دەدۆزرێتەوەو ئاماژەی بۆ دەکرێت. لە ناواخندا سەرەتا دەبێت دەستپێکی دەق دیاری بکرێت، لەدوای دەستپێکدا هێڵی سەرەکی دەقەکە دەستپێدەکات و نووسەران هزر و بیرۆکەکانیان راستەوخۆ دەخەنەڕوو و ئەو بابەتەی کە دەیانەوێت لەسەری بدوێن دەیخەنەڕوو. بۆیە ئاسانترین ڕێگە بۆ ئەوەی گوتارێکی رەخنەیی لەسەر دەقێکی ئەدەبی بنووسرێت، دەبێت لەدێرەکانی یەکەمی دەقەکە بروانرێت، و سەرەتاش پێویستە لەواتای ئیجابی بگەڕێن، پاشان واتای سەلبی ئاماژەی پێ بکرێت. دەبێ هەوڵ بدرێت گرژی و ململانێیەکانی لەناواخنی دەقەکەدا بدۆزرێتەوە. چونکە هەمیشە لە دێرە سەرەتاییەکانی دەقدا ناکۆکییەك هەیە و دەبێ رەخنەگر ئەو ناکۆکییە بدۆزێتەوە کە نووسەران دروستیان کردووە. ئەمەش یارمەتیمان دەدات بۆ دەرك پێکردنی بابەتی شاردراوەی ناو دەقەکە و زانیارییە ناوخۆییەکانی. چونکە رستەکانی ناو دەقەکە واقیعی بابەتەکە بەدیار دەخەن. دەبێ بیر لەو بابەتە بکرێتەوە کە لە ناو دەقەکەدا وەك شتێکی گشتی بەرچاو خراوە، واتە لایەنی سەرەکی دەقەکە کە ئایا سیاسییە، کۆمەڵایەتییە، ئابوورییە، ئایینییە.....تاد، دیاربخرێت. لەوێوە پوختەی لێکۆڵینەوە رەخنەییەکان دەست پێ بکرێت و ناکۆکی و ململانێیەکان دیاری بکرێن و واتای شاراوەی پشت بیرۆکە و وێنەکانی نووسەر بەدیار بخرێت و سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو ناکۆکییانە رابکێشرێت کە لە دەقەکەدا هەیە. پێویستە ترۆپك یاخود لوتکەی ئەو ململانێیە بدۆزینەوە، چونکە لەوێوە تەواوی بیرۆکە و هزرەکان کۆدەبنەوەو هەنگاو بەرەوە کۆتایی کە پەیام و مەبەستی نووسەر لە خۆ دەگرێت،بەدیار دەکەوێت. ئینجا ئەو بیروڕایەی تایبەتییەی کە لە ئەنجامی خوێندنەوەدا لەلای رەخنەگر دروست بووە لەبارەی دەقەکە دەخرێتەڕوو و بەمەش دەگاتە کۆتایی دەقەکە، کەخاڵی هەرە گرینگە لە دەقی ئەدەبیدا.

**و. کۆتایی دەق:**

کۆتایی دەق خاڵی وەرچەخانە لەبابەتی دەقەکە، چونکە نووسەران هەمیشە لە کۆتاییدا ئەوەی مەبەستیانە دەخەنەڕوو. بەو واتایەی کۆتایی دەق ئامانج و مەبەستی نووسەر نیشان دەدات. دوا ڕستەی دەقەکە واقیعی سەرەکی دەق نیشان دەدات. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کۆتایی دەق، ئەنجامی ئەو ناکۆیی و گرژی و ململانێیەیە کە نووسەر لەسەرەتای دەقەوە ئاماژەی بۆ کردووە و هێڵی گشتی بابەتەکەی لەسەر بنیادناوە. ، بەڵام مەرج نییە لە کۆتایی دەقدا هەمان واقیعی ئەو گرژی و ململانێیە وەکو خۆی لیٚ بکەوێتەوە، چونکە هەمیشە دەق لە دێرەکانی کۆتاییدا دەگاتە شوێنێك کە لەگەڵ سەرەتایەکەیدا جودا بێت. ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە کۆتایی دەق، جەوهەری کاری نووسەر لەخۆ دەگرێت و لەوێوە و ئایدۆلۆژیا و جیهانبینی نووسەر بەدیار دەکەوێت و چارەسەرییەکانی نووسەر بۆ کێشەو گرفتەکانی بابەتی دەقەکە بەرچاو دەخرێت، ئەمەش لە ڕەخنەی پراکتیکیدا خاڵی سەرەکی پێکدەهێنێت، چونکە ئەنجام و مەبەست و ئامانجی نووسەر یەکێکە لەو خاڵانەی کە ڕەخنەی پراکتیکی کاری لەسەر دەکات. کۆتاییش چەند جۆرێکی هەیە: لەوانە:

١. کۆتایی داخراو: ئەو کۆتاییەیە کە نووسەر بەتەواوی ئەنجامێکی ئەو ململانیٚ و گرژییەکە لە ناواخنی دەقەکەدا هەیە خستوویەتییەڕوو، واتە تەواوی زانیارییەکانی خستۆتەڕوو و دەرگای لە سەر هەر گفتوگۆ و گومان و پێشهاتێك لەبارەی ڕووداوی سەرەکی دەقەکە داخستووەو خوێنەر لەرێگەی کۆتاییەکەوە زانیارییەکانی بەتەواوەتی پیٚ دەگات کە قابیلی هیچ زیادەخستنەسەرێك وگۆڕانکارییەك نییە، ئەو جۆرە کۆتاییە نەرێنییە و هەمیشە خوێنەر دووچاری دەستەوەستان دەکات لە ئەنجامەکە. لەو جۆرە کۆتاییەدا تەنیا یەك کۆتایی بوونی هەیە و ئەویش نووسەر خۆی دیاریکردووە، کە دوو شێوەی هەیە:

. کۆتایی داخراوی ڕوون: ئەو کۆتاییەیە کە زۆر بە ئاشکرایی و بیٚ پێچ و پەناو ڕاستەوخۆ نووسەر کۆتاییەکەی دەستنیشان کردووەو خوێنەری ڕووربەڕووی کردۆتەوەو کۆتاییەکە ڕوونەو ڕاستەوخۆ دەگات.

. کۆتایی داخراوی ناڕوون: هەر چەند نووسەر کۆتاییەکەی دیاریکردووەو زانیارییەکانی بەتەواوەتی بەدەست داوە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەبوو سوودی لە لێڵ و تەمومژ و ناڕوونییەك وەرگرتووەو تا کۆتاییەکەی بخاتەڕوو. بۆ ئەمەش گەلێکجار نووسەر کۆتاییەکەی پارچە پارچە دەکات و بە شێنەیی ئەو پارچە پارچانەی کۆتایی دەخاتەڕوو ، کە خوێنەر دەبێت خودی خۆی ئەو پارچانە کۆ بکاتەوە تا کۆتاییەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

**٣. کۆتایی کراوە:** کۆتایی دەق کراوە دەبێت و ئەنجام بۆ خوێنەران بەجێ دەهێڵدرێت، لێرەشدا رەخنەگرانیش وەکو خوێنەران دەتوانن بەپێی ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتنی خۆیان بۆ دەقەکە، ئەنجامێك بۆ ململانێیەکانی بابەتی دەقەکە دیاری بکەن و لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئاماژەی بۆ بکەن. بەمەش دەقەکە تەنیا خاوەنی یەك کۆتایی کۆنکریتی نابێت، بەڵکو بەپێی ژمارەی خوێنەرەکانی کۆتاییەکانی بۆ دیاریدەکرێت. واتە دەق دەبێتە خاوەنی کۆتاییەکی بێ ژوماری جۆارجۆر و جیاواز و دژ بەیەك، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە دەقەکە دەوڵەمەندتر بێت ، بە هۆی ئەمەشەوە کۆتایی کراوە کۆتاییەکی ئەرێنی دەبێت. ئەم شێوازەشیان دوو جۆرە:

**. کۆتایی کراوەی ڕوون:** ئەو کۆتاییەیە کە نووسەر راستەوخۆ داوا لە خوێنەران دەکات بەشداری لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی کۆتایی دەقەکە بکەن و بەپێی ئارەزوو و رەوتی رووداوەکانەوە کۆتاییەکە دیاری بکەن. لێرەدا خوێنەر لەلایەن نووسەرەوە داوەت کراوەو بۆ بەشداریکردن و گەشەسەندنی رووداوەکان، بەدروستکردنی ئەو کۆتاییەش رۆڵی خوێنەر یەکسان دەبێت لەگەڵ رۆڵی نووسەر ، چونکە بەشدارییەکە لەلایەن خودی نووسەرەوەو و خۆی داوای لێکردووەو هێناوەیەتییە ریزی خۆی.

**. کۆتایی کراوەی ناڕوون:** نووسەر کۆتاییەکەی دیاری ناکات، لەهەمانکاتیشدا هیچ داوایەکی راستەوخۆ لە خوێنەر ناکات بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە دروستکردنی کۆتایی دەق، بەڵکو دەقەکە بەبێ کۆتاییەکی دیار و ئاشکرا بەجێ دەهێڵێت و راستەوخۆ خوێنەر رووبەڕووی بێ کۆتایی دەق دەکاتەوەو خوێنەریش ناچار دەکات بەدوای دروستکردنی کۆتاییەك بگەڕێت بێ ئەوەی داوای لێکرابێت. لێرەشدا رۆڵی خۆێنەر هەر لە چوارچێوەی خوێنەر دەمێنێتەوەو نووسەر نەیهێشتووە بگاتە ئاستی خۆی، چونکە هیچ داوایەکی ئاراستە نەکردووە، هەر چەندە خوێنەر ناچاریشە بەشداری لە دروستکردنی کۆتایی دەقەکە بکات.

بەمشێوەیە لە لێکۆڵینەوەی رەخنەی پراکتیکیدا ئەم چوار خاڵەی خوارەوە کە پوختەی کارکردنی رەخنەیی و هەنگاوی سەرەکی پێکدەهێنن و دەبێت رەچاویان بکەین:

١. دەبێ ناکۆکی یان دژایەتی یان رووبەرووبوونەوە لەدەقەکەدا دیاری بکەین.

**٢. بەدوای وێنەی ئیجابیدا بگەڕێین و لەبەرانبەر وێنەو دیدی سەلبیدا نیشانی بدەین.**

**٣. دەبێ هەر لە دێرەکانی سەرەتای دەقەوە دوو لایەنە دژ بەیەکەکە بەراورد بکەین و لێکەوتەو کاریگەری و کارتێکردنەکانی دیاری بکەین.**

**٤. دەبێ هەوڵی ئەوە بدرێت لەودیو وردەکارییە تایبەتییەکانی دەقەکەدا بکۆڵینەوە کە یارمەتیمان دەدات بابەتی فراوانتر بەدی بکەین و لێی بکۆڵینەوە.**

## گۆشەنیگای دەق

**هەموو دەقێکی ئەدەبی لە هەر سەردەمێکدا نووسرا بێت، لایەنی رووخسارو ناوەرۆکی هەیە، کە هەردووکیان یەکتری تەواو دەکەن و بەبێ یەك بوونیان نابێت، واتە هەردووکیان دوو دیوی دەقێك پێکدەهێنن. بابەتەکانی رووخسارو ناوەرۆك بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگە و لە سەردەمە جیاوازەکاندا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. کە لێرەدا باسیان لێوە دەکەین:**

**ناوەرۆك:**

**مەبەستمان لەناوەرۆك بیرۆکە و بابەتە فیکرییەکانی دەق دەگرێتەوە، جا لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا بێت. کە ئەوانیش بریتین لە :**

**١. بابەتی رامیاری (سیاسی) :هەموو کێشەو ململانێییە سیاسییەکان دەگرێتەوە کە لەناو کۆمەڵگەدا هەن و دواتر لە ناو دەقە ئەدەبییەکاندا ڕەنگدەنەوە، بێگومان ئەو کێشە سیاسییانە بۆ کورد تایبەمەندی خۆی هەیە، چونکە کورد بەدرێژایی رۆژگار داگیرکراوەو و خاکەکەی کراوەتە چوار بەش و بەهەموو شێوەیەك چەوسێنراوەتەوە، بۆیە بابەتی سیاسی بەشێکی گرینگی ئەدەبی کوردی پێکدەهێنێت.**

**لەمبارەیەوە ئەحمەدی خانی وەکو کەسێکی خاوەن هەڵوێست بەرامبەر بە نەتەوەکەی ئەو ناخۆشی و دەربەدەرییەی کورد بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کورد دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوای سەربەخۆی خۆی نەبووە ، هەروەکو دەڵێت:**

**گەر دێ هەبوا مە سەرفرازێك**
**صاحب کەرەمك سوخەن نەوازەك**
**نەقدی مە دەبوو ب سککە مەسکوك**
**نەدما وە هە بێ رەواج و مەشکوك**
**گەر دێ هەبوا مە پادشاهەك**
**لایق بدیا خودێ کولاهەك ( شاکارێ ئەحمەدی خانی، ل٥٢)**

خانی لێرەدا بیر لەوە دەکاتەوە کەگەلی کورد لە هەموو لایەنێکی عەقڵ و بیرکردنەوە لەو کەس و نەتەوانەی کەمتر نییە کە خاوەن دەسەلاتن و فەرمانڕەوایی دەکەن و هیوادەخوازێت کە جارێك پاشایەك بۆ کورد هەڵکەویٚ و هەموو پشتیوانی بکەن، ئەوکات بەرهەمی هونەرەکەمان دەردەکەویٚ و دەبووینە خاوەنی دراو و ئاوا بیٚ نرخ نەدەمایەوە. دیارە لەو سەردەمەدا میرنشینەکان رۆڵێکیان هەبووە لە گەشەسەندنی و لە بڵاو کردنەوەی بیری نەتەوایەتی کوردی و هەر میرنشینێك بەپێی بیرو بۆچوونی خۆی بەشداری لە بڵاو کردنەوەی بیری نەتەوایەتی کوردی کردووە، بەلاّم ململانێی بەردەوامی نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی فارسی و عوسمانی وای کردووە هەم کاریگەریان لەسەر شوێنی جوگرافی کەمتر بووە و سنووردار بوونەو هەمیش تەمەنیان کەم بووە ، ئەمەش وای کردووە کێشەی بەردەوامی کورد نەبوونی میرنشینێکی بەهێز و بەتەمەن بێت (( خانی گەوهەری مەسەلەی کورد لەسەردەمی خۆیدا بە زاڵبوونی دوو ئیمپراتۆریەتی فارسی و عوسمانی لەهەندێك بەشی کوردستان و هەوڵدانی لەناوبردنی میرنشیینەکانی کورد دەبینیٚ، جەنگ بەردەوام بوو میرنشینێك لەناوچوو، یەکێك دروست دەبوویەوەو تورك و فارس زاڵ دەبوون ، ئەگەر کوردستان یەکگرتووبوایە بەڕای خانی هیچ زاڵبوونێکیان بەخۆیانەوە نەدەدی)) (د.عیزەدین مستەفا رسول، ٢٠٠٨،ل١٠٧).

یەکێك لە شیعرە بەرزەکانی حاجی قادری کۆیی ( خاکی جزیرەو بۆتان)ە کە شاعیر لەم شیعرەیدا دەیەویٚ کورد لە پلانەکانی داگیرکەر و ولاّتانی بێگانە ئاگادار بکاتەوە و دەڵێت:

**خاکی جزیرو بۆتان، یەعنی ولاّتی کوردان**
**سەد حەیف و سەد مەخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان**
**وا رێگەتان دەبەسریٚ عێلاتی جاف و بڵباس**
**گەر مردوون لەگەرمێن مەمنووعە بچنە کوێستان**
**کامی کچ و هەتیوی شیرین بیٚ، ڕای دەکێشن**
**هاوار دەبەنە بەر کیٚ؟ پەشمە دەخیل و ئامان**
**مەسجید دەبێتە دێرە ناقووسیان موئەززین**
**مەتڕان دەبێتە قازی؟ موفتی دەبێتە ڕەهبان**
**هیچ غیرەتێك نەماوە سەد جار قەسەم بە قورئان**
**پەیدا بیٚ ئەرمەنستان نامێنیٚ یەك لە کوردان**
**سەرتان لە قوڕ هەڵێنن، ئەحواڵ مان ببینن**
**چۆنین لەدەستی زوڵفی بیٚ دینی دوور لە ئیمان** . ( دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ٩٣-٩٤)

لەم شیعرەدا شاعیر دەردە دڵی خۆی بەرانبەر داگیرکەران دەردەبڕێت و دەڵیٚ جزیرو بۆتان خاکی کوردانە و بەداخەوە خەریکە دەیکەن بە ئەرمەنستان، لێرەشدا دەیەویٚ کورد لەپلانە گلاّوەکانی داگیرکەران ئاگادار بکاتەوە، کە لەو کاتەدا دیارە داگیرکەران پرۆژەیەکی سیاسیان بەدەستەوە بووە

که له بەرژەوەندی نەتەوەی کورد نەبووە، شاعیر پێیوابووە ئەگەر ئەو پرۆژەیە سەر بگرێ ئەوا دووبارە کوردستان دابەش دەکرێتەوە.

**سێدارە**

بەرەبەیانیەکی لێل ..زرەی دەرگا ئاسنینەکە هات..دەنگی کەلەبچەو زنجیر دلی زیندانیەکانی داخورپاند..رۆژانە ئەودەنگانە ، بەر لە سلاوکردنی خۆر ئەوانی هەراسان دەکرد..نزیکەی سالێك دەبوو ئەو تیشکی خۆری وون کردبوو..بەیانیان لە درزی دەرگا لەحیم کراوەکەوە لە تیشکی خۆر دەگەیشت..زرەی زنجیرەکان نزیکتر بوونەوە، وێنەی جەلادەکە لەو ئەفسانەیە دەچوو، کاتێك لەبەردەرگای بەهەشت و جەهەنەم مرۆڤەکانیان جیادەکردەوە..کەلەبچەکان لەبەر دەرگا شیشەبەندەکانی ژوری ژمارە ٣٢ کەوتنە سەرزەوی،جەلادەکە دەستی بە خوێندنەوەی ناوەکان کرد، پاسەوانەکانیش بە چاوێکی ئاگرینەوە لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی زیندانیەکان کردبوو، یەکەم ناو ، جەلادەکە هاواری کرد:

ئازاد رەسول،وەرە دەرەوە ، هوتاف کێشان دەستی پێکرد،

بروخێ فاشیەت، بروخێ بەعس.. کەلەبچەکە خرایە دەستی، زنجیرەکانیش لە هەردوو پێی..

دوەم: جەلادەکە هاواری کردەوە، سالار رەشید..هوتاف کیشان دەستی پێکردەوە، بروخێ بەعس ، تف لە هەموتان و سەرۆکتان، تف لە حوکمتان.

جەلاد: بوەستە بێدەنگ بە ، تۆ خۆت دەبەخشی بۆ جەنگ ئەگەر ببوردرێی

سالار : تفێك ئاراستەی جەلاد کراو بەجنێودانەوە، من دەمەوێ لە سێدارە بدرێم ، نیشتمانم شەرەفمە، نابمە جاشی فاشیەتی ئێوە..

جەلاد: خێرا کەلەبچەکە بخەنە دەستی ، پاسەوانەکان زنجیریان خستە هەردوو قاچی و کەلەبچەکەش لەدەستی..

سالار: بەهاوارەوە ، بژی نیشتمان ، بژی ئازادی ، سێدارە شەرەفە، دەنگی هوتافەکە وردە وردە دور کەوتەوە، دەنگەکە بڕا..دوای نیو کاتژمیر هاورێکانی لە کونێکی بچوکی دەرگاکەوەسەیری تەرمی هەردوکیانیان کرد لە ئەمبولانسێك بارکرا..نەزانرا بۆ کوێ برا ، ئەوانیش لە چاوەروانی رۆژی دواتر ....

لەرۆمانی کوردیشدا بەشێکی زۆری بابەتەکان سیاسین، بۆ نموونە رۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد و (ئەژیها)و (سەگوەڕ)ی محەمەد موکری و ( سوارەکان بە قاچاغ بوکیان گواستەوە)ی کاروان کاکەسوور .....تاد.

**٢. بابەتی کۆمەڵایەتی: ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە بایەخ بە کێشەو گرفتەکانی ناو کۆمەڵگە دەدات و هەوڵ دەدات تاکی کۆمەڵگە لەمەڕ ئەو کێشەو گرفتانە وشیار بکاتەوەو نەریت و شتە باشەکان پەرە پێ بدات و نەریت شتە خراپەکانیش نەهێڵێت و لەناویان ببات.**

**بەڕیش پان و پرچی پڕ لە ئەسپێ**

**ئیش و کاری کوردان چۆن ئەچەسپێ**

**بەفەقر و سواڵکەر و زیللەت**

**مەحاڵە کاکی خۆم تەشکیلی دەوڵەت** (مەلا گەورە)

**لەم شیعرەدا ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی هەیە و بەشێك لە کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردا ئاماژەی بۆ کراوە.**

## بەڕێوەبەر

**ـ ئا ..ئا چاکم لە یادە ، رۆژ چوارشەمە بوو ، بەروار ١٩٩٧/٣/١١ بوو ، کە فەرمانی دامەزراندنەکەم دەرچوو ، لە خۆشیا بالم گرتبوو ، خەیالم بۆ ئەوە رۆیشت ، ئیتر لەمەودوا ئەستێرەی بەختم لە گەشیدا دەبینم .. رۆژە تاڵەکانم یەکە یەکە لەبیر دەکردن و بەرەو رۆژگاری پڕ لە خێرو خۆشیم دەبردن ، تاڵی و سوێریەکانی ژیانم وردە وردە لەبیر دەچونەوە ، خۆشبەختی و ئارامی بوون بە هاورێییەکی ئاشنام ، زۆر بە پەلە بووم بریاری دامەزراندنەکەم بگەیەنمە شوێنی کارەکەم ، لە پرسگەکە وەژورکەوتم و پرسیاری کەسی یەکەمی وەزارەتەکەم کرد ، نیشانیاندام و لای سکرتێرەکە چاوەروانبووم .. زۆری پێچوو تا کردمیانە ژورەوە ، کاتەکە لای من زۆر درێژتری دەخایەند ..فەرمانەکەم لە دەستم بوو ، دامە دەستی کەسی یەکەم .. ئەو لە کردنەوەی زەرفەکەدا بوو منیش بە دلخۆشیەوە لە دەم و چاوی وورد دەبوومەوە .. وینەیەکی گرژو سامناکی نواند ، لە ناکاو پرماندی ، چەند وشەیەکی ناشیرینی دەرپەراند ، دەستی رادەوەشاند و خۆی لەگەل دەهێناو دەبرد ، پێش ئەوەی قسەکانی بکات من خوێندنەوەم بۆ دەم وچاوی کردبوو ، من هەر لەبەر دەمی مێزەکەی وەستابووم ... لەناکاو بالابەرزێکی قژخاوی سپیلکە وەژوورکەوت .. لەگەل هاتنە ژوورەوەی کچە نەشمیلەکە ، ئەو هێورتر بووەوە ، خۆی وانیشاندا کە رووی خۆشەو بەزەردەخەنەیەکەوە پێشوازی لێکرد**

**– ها قوربان ..**

**– جەنابی وەزیر فەرمانی قەرەبووی زێدەی موچەکەم بۆ نەکراوە**

**– ئێ هەر ئێستا برۆ لای ژمێریار و با پارەکەت بۆ سەرف بکات ، دوایی خۆم فەرمانەکەت بۆ دەردەکەم ..**

**خاتون بەنازێکەوە و بە تەقەتەقی پێلاوەکانیەوە بەرەو دەرگاکە رۆیشت ، فەرمانەکەی منیش لەسەر مێزەکەی بەردەمی کەوتبوو..هەلمگرتەوەو بە هەناسەیەکی ساردەوە رێگەی دەرەوەم گرت ،**

**به تیکشکاوی وەکو چۆلەکەیکی بالشکاو ئاواتەکانم سەرەو خوار بوونەوە بۆ جارێکیتر ... تەنیا ئەوەندەم بۆ گوترا بە بۆلە بۆل ئەوە بلێم ، ئێوە هەر باوەش بۆ سۆزانی و تیاترۆکان بکەنەوە ، خەلکی دلسۆزیش با بە ئاخەوە سەر بنێنە سەر سەرینەکانیان ، بەشێك لە دانیشتوی پرسگەکە لە من رادەمان و ، دیاربوو ئەوانیش هەمان دەردی منیان هەبوو .**

**لە رۆمانی کوردیشدا بابەتی کۆمەڵایەتی هێلی سەرەکی رووداوەکانی پێکهێناوە و رۆماننوس گەلێك لەو بابەتانەیان شەن و کەو کردووەو ڕاو بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە وەکو ( رۆمانی نازە)ی ئیسماعیل رۆژبەیانی، رۆمانی (پێشمەرگە)ی رەحیمی قازی. هەروەها رۆمانی (هەرەس ) محەمەد موکری.....تاد.**

**٣. بابەتی مێژوویی: ئەو دەقانە دەگێڕێتەوە کە رووداوێکی مێژوویی دەگێڕنەوە و بەشێك لە رووداوە مێژووییەکان دەبنە رووداوە شیعر یان چیرۆك یان رۆمان و لەوێوە شاعیر و رۆماننوس رەخنە لە رووداوەکان دەگرێت، یاخود دیوە شاراوەکانی ئەو رووداوانە دەخاتەڕوو. نموونە لە شیعری کوردی نامەکەی (نالی) شاعیرە بۆ ( سالم) کە تێیدا باس لە رووداوێکی مێژوویی دەکات کە ئەویش رووخانی میرنیشینی بابانەکانە. لە چیرۆکی کوردیشدا مێژوو وەکو کەرەستەیەك بەشێکی رووداوەکانی چیرۆکی کوردی پێکهێناوە. لەرۆمانی کوردیشدا مێژوو لەناو رووداوی رۆمانەکاندا بەشدار بووە، لەوانە رۆمانی (پێشمەرگە)ی رەحیمی قازی، کە مێژووی رۆژهەلاتی کوردستان و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەگێڕێتەوە. هەروەها رۆمانی (نەورەسەکانی شیا)ی عەبدوڵلا رەحمان کە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا دەگێڕێتەوە.**

**<u>رووخسار:</u>**

**مەبەستمان ئەو تەکنیك و رەگەزانانە کە دەرەوەی دەق پێکدەهێنن و لەگەڵ ناوەرۆکدا بنچینەو بناغەی دەقەکە دروست دەکەن.، ئەو رەگەزە جۆراوجۆرانە وێنەی گشتی دەقەکە دەکێشن و یەکتری تەواو دەکەن و رەگ و ریشاڵیان لەناو یەکتردا دەتوێتەوە، بەو واتایەی هیچ رەگەزێك بەتەنیا ناتوانێت وێنەیەکی تەواوی دەقی ئەدەبی بنوێنێت، بەڵکو رەگەزەکان بەتێکڕا بەشداری لە بنیاتنانی دەقی ئەدەبی دەکەن و هێڵە گشتییەکانی پێکدەهێنن. لێرەدا بەمەبەستی پراکتیکردنی رەخنە لە دەقێکی ئەدەبیدا دەکرێت یەك بەیەکی ئەو رەگەزانە بەتەنیا وەربگیرێن و سەربەخۆ کاریان لەسەر بکرێت، کە ئەمانەن:**

**١. <u>زمان:</u> وشە یەکێکی بنچینەیی زمانە، لەهەماکاتیشدا یەکەیەکی زمانەوانی سەرەکییە کە بەشدارییەکی کارای لە پێکهێنانی مەعریفەی مرۆڤایەتی و هزرو ئەزموونەکانیدا هەیە. بۆیە وشە یەکەم یەکەیە لە بنیادی دەقی ئەدەبییدا، کە بریتییە لە کۆمەڵێك دەنگ و پیت کە بەیەکەوە لەسەر مانایەك پێکهاتوون کە لەناو هزری نووسەردان. بۆیە نووسەران لەبەرانبەر زماندان و وشەو بەوشە**

کاری لەسەر دەکەن و هەڵیان دەبژێرن لە بنیادی دەقەکەیاندا. کاتێکیش ئەو وشانە ڕستە دروست دەکەن ئەوا ڕاستەوخۆ یەکی دووەمی دەقی ئەدەبی پێکدەهێنن، چونکە ڕستە کۆمەڵێك لە ناواخنیدا مانایەکی تەواویان هەڵگرتووە . چونکە لە ڕستەدا هێزی دانان و داڕشتن و گوزارشت کردن خۆی دەنوێنێنت، کە بەشێوازێکی هونەری ڕێکخراون و هزرو بیرۆکەکانی نووسەران بە خوێنەر دەگەیەنن. لە رخنەی پراکتیکدا بایەخێکی زۆر بە زمانی دەقی ئەدەبی دەدرێت، چونکە بەهۆیەوە نووسەران هەموو بیرۆکە و مانا و هەڵوێستە مرۆڤایەتییەکانیان و هەست و سۆزەکانی ناخیان دەردەبڕن. بۆیە زمان رەگەزێکی گرینگی دەقی ئەدەبییە ، بێگومان جوانی دەقی ئەدەبی بە جوانی و رازاوەیی و دڵڕفێنی زمانەوە بەندە، دەقیش خۆی لەخۆیدا لە جوانی زمانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەرجەستەی دەکات. هەموو دەقێك لە کۆمەڵە پەیڤێك پێکهاتووە، ئەو پەیفانە بنچینەیان وشەیە کە لەوێوە کۆمەڵە رستەو دەستەواژەیەك دروست دەکەن، کەواتە بنچینەی جەق وشەیە کە بارگاوییە بە ئەندێشە هەست و نەست و سۆز و بیرەکانەوە. لەمەشەوە دەستکراوەیی نووسەر بەدیار دەکەوێت لە هەڵبژاردنی وشەکان و داڕشتنی زمانێکی تۆکمە بۆ دەقەکەی.

لەمبارەیەوە (لەتیف هەڵمەت) یەکێکە لەو شاعیرانەی بایەخێکی تەواوی بە زمان و کەرستەکانی زمان داوە و هەمیشە لەرێگای هەڵبژاردنێکی دروستی وشە و دەستەواژەکانەوە هەوڵی داوە سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆی رابکێشێ و خوێنەران راپێچی جیهانە تایبەتییەکەی بکات و بە هەست و نەستە گەرمەکانی شادیان بکات، ئەوەتا لە شیعرێکدا بەناونیشانی (سەرەتای ئەوینێکی کێویلە) ئەو مەبەستانەی بەدەستەوە داوە:

**گەر دەتەویَ دەتوێمەوە و دەبم بە هەوری گوڵاو**

**زەنگوڵ زەنگوڵ دێمە خوارێ و خۆم دەسووم لە پەرچەمت**

**گەر دەتەویَ من دەبمە رێژنەی بەفراو**

**لەمانگە شەوی هاویندا**

**تك تك دەڕژێمە ناو دەمت** ( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل١١٥)

لێرەدا شاعیر پەنای بۆ کۆمەڵێك وشەی ئەفسووناوی و دەستەواژەی سیحرئامێز بردووە ، کە لەرێگای زمانێکی تۆکمە وچڕکردنەوەی واتا و ئامانجەکانی خۆی راگەیاندووە، کە بەهۆیانەوە سۆز و خەیاڵێکی بەهێزی بەکاربردووەو لەرێگای ئەو کەرەستە زمانییانەی کە بەوردی هەڵیبژاردووە کاریگەری و کارتێکردنێکی گەورەی لەسەر هەست و نەستی خوێنەر دروستکردووە.

## هەڵبژاردن

له بیرمه مامۆستا گووتی: هەڵبژاردن وشەیەکی فەرهەنگییە، واتە واتادارە، لە یانزدە پیت درووسبووە (ه، ە، ڵ، ب، بزرۆکە، ژ، ا، ر، د، بزرۆکە، ن)و چوار بڕگەشە ( هەڵ، ب، ژار، دن)و پێکهاتووە لە پێشگری وشە داڕێژی( هەڵ)و چاوگی ( بژاردن)، کە ئەم چاوگەش، چاوگێکی تێپەڕەو پێکهاتووە لە ڕەگی رابردووی ( بژارد) و ڕەگی ڕانەبردووی ( بژێر وەکو دەبژێرم)، ئەم هەڵبژاردنە چونکە سەرچاوەیە بۆ ڕۆنانی کردار، حوکمکارە واتە بە ئارەزووی خۆی بۆ دروستکردنی ڕستە ، حوکم بە سەر وشەکانی ڕستەکەدا دەکات و هەڵیاندەبژێرێت، بۆ نموونە: من تۆم بە نوێنەری خۆم هەڵبژارد.

**٢. سۆز: دەقی ئەدەبی بەبێ سۆز لە بیابانێکی وشك و برینگ دەكات و توانا و شیانی ئەوەی نابێت هەست و سۆز ببزوێنێ و کاریگەرییان لێ بکات. چونکە سۆز جوانی و کارتێکردن و چالاکییەکی بەردەوامی بە دەقی ئەدەبی دەبەخشێت. چونکە وێنەی جوان ڕازاوە و بەپێز و کاریگەر ئەو وێنەیە کە لەهەست و سۆزێکی گەرمەوە هاتۆتە ئاراوەو لەنێو وێنەکانی تری دەقەکەدا شوێنی خۆی کردۆتەوە بەجۆرێك کەکاریگەرییەکی تەواو لەسەر خوێنەر بکات بەمشێوەیە سۆز کارتێکردنێکی گەورەی لەسەر ئەفراندنی دەقی ئەدەبی هەیە و شادەماری ژیانی دەقی ئەدەبی لەقەڵەم دەدرێت. سۆزیش لە ناو ئەدەبدا لەناو ژانرێکی دیاریکراودا بەدی ناکرێت، بەڵکو لەتەواوی ژانرە ئەدەبییەکاندا بەرجەستە دەکرێت، هەر وەکو چۆن لە شیعردا هەیە، بەهەمان شێوەش لە پەخشانیشدا بوونی هەیە. بەڵام لەڕووی پلەندییەوە جیاوازییان هەیە، لەکاتێکدا لە شیعر پلەی یەکەم دەگرێت و پێویستییەکی گەورەی دەقی شیعرە، ئەوا لە پەخشاندا ئەو پلە یەکەمینە زیاتر بۆ بیر دەبێت و سۆز لە پلەی دووەمدا دێت، هەر بۆیە سۆز لە شیعردا بەهێزە، بەپێچەوانەشەوە لە پەخشاندا لاوازە. بۆیە ڕەخنەگر لەناو دەقی ئەدەبی بایەخ بە سۆز دەدات و جۆرەکانی ئەو سۆزە لە بیرۆکە و مۆسیقا و وێنەوە دیاری دەکات، لەسۆزی خۆشەویستی و غەمباری و ترس و ....تاد ، کە ئەمانە جۆرەکانی سۆزە مرۆڤایەتییەکان پێکدەهێنن. دەستنیشانکردنی ئەو سۆزانە کاریگەرییان لەسەرە ڕێڕەوی دەقی ئەدەبیدا هەیە، بۆ نموونە لە ڕێبازی ڕۆمانسی یەکێك لەو سۆزو هەستانە کە ڕەشبینییە، کە حاڵەتێکی دیاریکراوی سۆزی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت، یەکێکە لە خەسڵەتە گرینگەکانی ئەو ریبازە ئەدەبییە.**

**ئێستا وا لەو کاتەوە بوو بە ماوەیەك**
**لە قووڵایی دڵدا بوویتە سەرچاوەیەك**
**هەر سۆزە و هەڵدەقووڵێ و خەم دەخواتەوە**
**لە گۆماوی دەرووندا پەنگ دەخواتەوە** ( کۆ شیعری جەماڵ شاربازێڕی، ل ٢١٣)

**٣. خەیاڵ (ئەندێشە):** ڕەگەزێکی سەرەکی دەقی ئەدەبییە و هەر دەقێك ئەندێشەی تێدا نەبێت زیاتر لە قسەی ڕۆژانەی ئاسایی نزیك دەبێتەوە، چونکە ئەندێشە ڕۆڵێکی گەورە لە دەقی ئەدەبی دەگێڕێت و بەهۆیەشەوە خەیاڵ دەبێتە ئامرازێکی گرینگی دەقی ئەدەبی، ڕاستی خەیاڵ تەمومژ و نادیارە و ڕاڤەکردنی قورسە هەر وەکو ڕسکن باسی لێوە دەکات کە ئەو هێزەیە خواوەند لە مرۆڤدا جێگیری دەکات، کە چالاکییەکەی لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە. ئەو خەیاڵە توانایەکە لەگەڵ کەسەکە گەشە دەکات و لە ئەزموونەکانی ئاو دەخواتەوە. بەو توانایەشەوە دەتوانێت وێنەیەکی سروشتی و دەروبەرەکەی پێکبهێنێت و گوزارشت لە بیروڕایەکەی بکات، بەمەش کاریگەرییەکی کارا لە دەقی ئەدەبی دەگێڕێت و بابەتەکانیان جۆرێك لە ڕەنگاوڕەنگی وەردەگرن و بەرگێکی جوان دەپۆشن و شێوەیەك لە ئەفسانە و سیحری پێ دەبەخشێت و دەقی شیعرەکەی پێ بەرز دەکاتەوە. بۆیە خەیاڵ یەکێك لە ڕەگەزە هەرە گرینگەکانی دەقی ئەدەبی، بەتایبەتیش کە مرۆڤ لە ژیاندا لەرێگەی هەستەکانەوە زانیاری بەدەست دەخات، کە بەمە دەگوترێت درکردنی هەستی، بەڵام کاتێك مرۆڤ وێنای شتێکی نەبینراو دەکات و دەیهێنێتە پێش چاوی خۆی، ئەمە بە خەیاڵ ناودەبرێت. بەکارهێنانی ئەو خەیاڵەش لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبیدا خوڵقینەری دنیایەکی دیکەیە کە وا لە خوێنەر دەکات وەکو ئەوەی ڕاستەقینە بێت باوەڕی پێ بکات. سەرەڕای ئەمەش هێز و جوانییەك بە شێوازی دەقەکە دەبەخشێت، جگە لەوەی ئامرازێکی نووسەریشە بۆ جیهانبینی تایبەتی خۆی .

لەتیف هەڵمەت لە شیعرێکدا بەناونیشانی ( سەرەتای خەونێکی تر)دا دەڵێت:

**خۆزگە هەزار چاوم دەبوو**
**ئەوسا بەهەر هەزارەکەی**
**تێر تێر سەیری تۆم دەکرد**
**ئەی خۆزگە هەزار گوێم دەبوو**

**ئەوسا بەهەر هەزارەکەی**

**هەوری دەمتم دەخواردەوە**

**ئەوسا بەهەر هەزارەکەی**

**بانگتم دەکرد......**

**ماچتم دەکرد...**

**خۆزگە هەزار دەستم دەبوو**

**ئەوسا بە هەزار دەستم**

**توند باوەشم پیاتا دەکرد**

**تۆم بەتەنیا بۆخۆم دەبرد** ( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل ١٢١)

لەم دەقەی سەرەوەدا خوێنەر بەهۆی وێنە شیعرییەکانەوە کە تەژین لە خەیاڵ و ئەفسانەوە، کەوتۆتە نێو کەشێکی سیحر ئامێز، کە لەلایەکەوە هەست و سۆزی شاعیر گوزارشتی لێکراوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەو کەرەستە ئەندێشەییەی کە بریتییە لە (هەزار چاو، هەزار گوێ، هەزار دەست ) خەیاڵێکی بەرز لەناو بۆتەی وێنە شیعرییەکاندا نمایش کراوە.

## ئاوێنە

لەناو گۆڕەکەیدا بۆ بەختی خۆی دەگریا، چونکە کە بەڕێیان کرد لە چەند خزم و کەسێکی بترازێ کەسی دیکە لەوێ نەبوو.... لەو دنیاش بە غەریبی بەخاك سپێردرا کەچی مردووەکەی بەرانبەری سەدان پلەدار و پاسەوان و کاسەلێس و بەسەدان ئوتۆمبێلی گرانبەها ئاپۆڕەیان لەدەوری گۆڕەکەی بەستابوو. ( سابیر رەشید)

٤. بیرۆکە: بیر بریتییە لەو واتایەی کە دەق دەیگرێتە خۆی و نووسەر ناچار بە گەڕان دەکات بۆ ئەوەی واتایەکی بەرهەمدار و ئامانجدار بۆ دەقەکەی ببینێتەوە. لەمەشدا ئەو وێنانەی کە بنیادی دەنێت لەدواجاردا دەبێت خاوەن بیرۆکەیەکی واتادار بن و ئامانجێك بپێکن، چونکە ((وێنە ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەگێڕێ لە گواستنەوەی بیروباوەڕ و مەزەندەکانی نووسەر بۆ خوێنەر بەشێوەیەك کە بتوانێ کاریگەر بێت و قەناعەت بە بەرامبەرەکەی بێنێبەمەش دەقەکە جوانتر و درەوشاوەتر بەدیار دەکەون و زیاتر لە دڵی خوێنەردا جێگایان دەبێتەوە. بۆیە بیرۆکە رەگەزی عەقڵی لە ناو دەقدا پێکدەهێنێت ، چونکە ئەدەبی تەنیا شێواز و گوزارشتکردن نییە، بەڵکو مانا و بیرۆکەش لەخۆ دەگرێت. بیرۆکە ئەو رەگەزەیە کە وا دەکات ئەزموونی هونەری ئەو بابەتە بێت کە لەهەر ژینگەدا بێت بۆ هەموو سەردەمەکان بشێت. بۆیە

**داوا لە نووسەران دەکرێت بیرۆکەکانیان راستی لەخۆ بگرن و لەهەڵە بەدوور بن، تاوەکو کاریگەری و کارتێکردن لەسەر خوێنەر دروست بکات .**

**ئەڕۆم دایە**

**ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە**

**دەبم بە گوڵ لەو چیایە**

**ئەڕۆم دایە**

**ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە**

**لەهەر خاکێ زۆردار بژی**

**لەوێ دەبم بە بۆمبایە**

**ئەڕۆم دایە**

**ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە**

**ئەبم بە بستێ زەوی**

**بۆ دنیایەك گەورەترە لەم دنیایە** (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل ١١٩)

**دیارە ئەو پەیامەی کە لەم دێرە شیعرییانەدا بەرچاو دەکەون هەڵگری بیرو واتایەکن کە گوزارشت لە بیروبۆچوونی شاعیر دەکات لەبەرامبەر خاك و نەتەوەو مرۆڤایەتی، ئەو وێنە شیعرییانە ئەرکی گەیاندنی ئەو بیرۆکانەیان لە ئەستۆ گرتووەو بەهۆیەشەوە خودی وێنە شیعرییەکان بارگاوی بە بیرێکی بەرز و پڕ بەها بوونە و لەناواخنیاندا بیرۆکە لەگەڵ رەگەزەکانی دیکەی بونیادەکەیانی پێکهێناوە.**

## نــووکە

مام قادر گووتی: چوار پێنج ڕۆژ بوو، حاجی برایمی حاجی فتاح باوکی مردبوو، دوای عەسر بە باشم زانی جارێکی تر سەردانی بکەم، کە چووم. دیاربوو لەگەڵ خێزانەکەی لە حەوشە دانیشتبووم، هەر پەکوو... پەکووی بوو، دەیگووت: خوایە ئەم دنیایە چی بەسەر هاتووە.

منیش گووتم: ها خێرە حاجی برایم، چی بووە، گووتی: چیت بۆ بگێرمەوە مام قادر... ئەمرۆ چوومە مزگەوت بۆ نوێژی عەسر، تا لە نوێژ بوومەوە سێ نووکەم بۆ هات. منیش دوای نوێژ تەماشای مۆبایلەکەم کردو بینیم، عەبدولباقی کوڕی خاڵمە، کە ماڵیان لەوبەرە، منیش تەلەفۆنم بۆ کردو دوای سڵاو، گووتم: ها خێرە عەبدولباقی نووکە دەکەیت. ئەویش

گووتی: وەڵلا بۆ تازیەی باوکت، پێم نەکرابوو، بێم و ئیستاش بۆ ئەوە جرسم بۆ کردیت، تا پرسەو سەرخۆشیتان لێ بکەم...

**٥. <u>وێنەی ئەدەبی:</u> وێنەی ئەدەبی رەگەزێکی گرینگی پێکهاتەی و بنیادی دەق پێکدەهێنێت و ئامرازێکی کاریگەرە بەدەست نووسەرەوە بۆ ئەوەی بیروبۆچوون و ئامانج و مەبەستەکانی بە خوێنەران بگەیەنێت، لە هەمانکاتیشدا کەرستەی لێکۆڵەرە، یان رەخنەگرە بۆ زیاتر رۆچوون و قوڵبوونەوە بە لێکدانەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی، بۆیە وێنە زیندووترین و چالاکترین رەگەزی شیعرە و بەردەوامی گەشەکردنی پێ دەبەخشێت. سەرەڕای ئەمانەش وێنەی ئەدەبی لە کۆمەڵە رەگەزێك پێکدێت کە پەیوەندییەکی تۆکمەیان لە نێواندا هەیە و رەنگدانەوەی واقیع و سەردەمەکەن، کە ئەمەش وا دەکات راستییەکان لە قووڵایی ناخەوە گوزارشتیان لێ بکرێت و هەموو ئەو شتە نهێنیانەش ئاشکرا بکەن کە لە قووڵایی دەروونندا حەشار دروان. بەم پێیەش وێنەی ئەدەبی توانا و شیانی نووسەر و باڵادەستی بەسەر زماندا پیشان دەدات، بۆیەش ئەم زاراوەیە هەموو ژانرە ئەدەبییەکان لە شیعر و پەخشان دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر چی زمانی شیعر لە زمانی پەخشان بەوە جیاواز دەکەوێتەوە کە تەمومژ و ئاماژەدارە ، بە پێچەوانەی زمانی پەخشان کە زیاتر وردەکاری و راڤەکاری لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ئەو مانایە نابەخشێت کە پەخشان وێنە لەخۆ ناگرێت. چونکە بەشێوەیەکی گشتی لەئەدەبدا هەمیشە پێویست بە هاتنی راستەوخۆی وێنە دەکات، جا بەشێوازێکی پارچەیی بێت ، یان وەکو وێنەی رەوانبێژی لە لێکچواندن و خواستن، یان لەشێوازی داڕشتندا بێت کە وەکو پارچەیەکی بەیەکبەستراو بەدیار دەکەوێت بەمشێوەیە زاراوەی (وێنەی ئەدەبی) گشت چەشنە ئەدەبییەکان دەگرێتەوە و لەنێویشیاندا شیعر، کە زاراوەی (وێنەی شیعر)یش دەبێتە بەشێك لەو زاراوە فراوان و گەورەیەی ئەدەب، کە بە (وێنەی ئەدەبی) دێتە ناسین. لەم رووەوەش وێنەی ئەدەبی کۆمەڵێك ئەرکی هەیە لەوانەش:**

**أ. گواستنەوەی بیروبۆچوون هەست و سۆزەکانی شاعیرە بۆ خوێنەران ، چونکە مەبەستی بنچینەیی وێنەی شیعری بەرجەستەکردنی بوونی بیرۆکەیە کە هەڵگری واتا و مەبەستەکانی دەقەکە و پەیامی شاعیر لەخۆ دەگرێت. لەبەر ئەوەی وێنە ئامرازێکی گرینگە، شاعیر پەنای بۆ دەبات، تاوەکو بیری خوێنەر بورژێنێت و راستییە شیعرییەکەی بەشێوەیەکی کاریگەر پێبگەیەنێت.**

**ب . رازاندنەوەی و جوانکردنی دەقی شیعری، چونکە وێنەی شیعری هەمیشە ڕۆڵی جوانکاری و ڕوونکردنەوە لە بنیادی شیعردا دەگێڕێ، ئەمەش لەرێگەی بەدیهێنانی واتا و مەبەسەتی نویێ لە بەکارهێنانی وشەکان و تێپەڕاندنی واتا ئاساییەکانی وشەو دروستکردنی واتای تازە و داهێنەر.**

**ج . دووبارە دروستکردنەوەی واقیع بەپێی بۆچوونەکانی شاعیر، چونکە شاعیر کاتێك ئەو واقیعە وەردەگرێت وەکو خۆی بەکاری ناهێنێتەوە، بەڵکو هەڵی دەوەشێنێتەوە و جارێکی دیکە بەشێوازێکی ئەدەبی دایدەڕێژێتەوەو بیرۆبۆچونەکانی لەبارەوەیە دەخاتەڕوو.**

**د . گوزارشتکردن لەو واتا و حاڵەتانەی ، کە جگە لە وێنەی شیعری بەهیچ شتێکی دیکە گوزارشتیان لێ ناکرێت، واتە نواندنی ئەو حاڵەتە یاخی و ون و شاراوانەن کە بەهۆی وێنەی شیعرییەوە تیشکیان دەخرێتەسەر و دەردەبڕێن.**

**ه . یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی وێنە ئەوەیە کە هەست پێکردنی شتەکانمان بۆ ئاسان دەکات و بەهۆی بەرجەستەکردن و بەقەبارە کردن و بەکەسکردنیانەوە وا دەکات هەستیان پێبکەین.**

**و . گرینگترین پێوەرە بۆ رەخنەگر تاوەکو بڕیار لەسەر دەقی شیعری و ئەزموونی هونەری شاعیر و رەسەنایەتی وێنە لە پێکهاتەی دەقەکەدا بدات.**

**یەکێك لەو جۆرە دابەشکردنانە بۆ جۆرەکانی وێنەی شیعری لە لێکۆڵینەوە رەخنەییەکاندا، جیاکردنەوەیانە لەڕووی بنیادنانەوە، کە دەکرێتە ئەم جۆرانەوە:**

**<u>١. وێنەی تاك:</u> ساکارترین شێوەی وێنەی هونەرییە لەڕووی بنیادنانەوە، کە بریتییە لەوێنەیەکی پاژەیی دیاریکراوە.**

**شاعیر لە هۆنراوەی (ئاوات)دا دەڵێت:**

**پاچێکم دا لە پیرە دار**
**سەری هەڵبڕی بزووت:**
**. بۆ ئەمبڕی ئەی شاعیرە لاسارەکە.. بۆ ئەمبڕی؟**
**+ئەتکەم بە دەرگای ژوورەکەم**
**بەری ڕەشەبام لێ دەگری...**
**دەمپارێزی لەدزو تەم..**
**(دار زریکانی وگریا)**
**+ بۆچی ئەگریت.. هۆ پیرە دار مەگری..مەگری.**

**گەر منیش وازت لێبێنم ..**

**تۆ پیر بوویی و ڕەشەبا دەتبات و هەر دەمری..** ( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل ٣٧٥)

لەم وێنە شیعرییەدا دار بەکەس کراوەو سیفەت و خاسیەتەکانی مرۆڤی پێبەخشراوە لەوانەش قسەکردن کە یەکێکە لە خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی مرۆڤ و هەروەها گریان و پیربوون و مردن، دیارە دار بێ گیانە و هیچ یەکێك لەو خەسڵەتانەی تێدا نییە، بەڵام لێرەدا بەگیان کراوەو خەسڵەتەکانی مرۆڤی پێ بەخشراوە.

٢ . <u>وێنەی لێکدراو:</u> بریتییە لە دوو وێنەی تاك، یان زیاتر کە یەکییان گرتووە و ئاوێتەی یەك بوونە و بیرۆکەکیان خستۆتەڕوو کە ئاڵۆزترە لە بیرۆکەی وێنەی سادەو تاك، بەواتایەکی دیکە کۆمەڵە وێنەیەکی تاك چوونەتە پاڵ یەکتر و بەیەکەوە سۆزێك و بیرۆکەیەکیان پێشکێش کردووە کە زۆر ئاڵۆزترە لە وێنەی ساکار:

(لەتیف هەڵمەت) لە هۆنراوەیەکیدا بەناوی (داستانە کۆنەکە)دا دەڵێت:

**ئەوین**

**لێرە**

**خۆشەویستی نیشتمانیش**

**مرۆڤ دەکوژێ**

**وەکو شمشێر**

**وەك سەرەتان**

**وەك: کۆلێرە** ( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل ٤٣٠)

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی لێکدراو دروست دەکات ئەمەش بەهۆی دروستکردنی لێکچواندنی لێکدراو لە ڕێگای چواندنی شتێك بە چەند شتی جیا کە هەر یەکەیان خەسڵەتێکی پێ دەبەخشێ، خۆشەویستی نیشتمان ( لێچوو)ە بە سێ شتی چواندووە، کە (لەوچوون)ە، ئەوانیش ( شمشیر، سەرەتان، کۆلێرە) هەیەك لەمانەش خاسیەتی تایبەتی خۆیان هەیە و بە لێچووی دەبەخشن کە خۆشەویستی نیشتمانە، واتە بەهەموویان وێنەیەکی لێکدارو دروست دەکەن.

٣ . <u>وێنەی گشتی:</u> بریتییە لەو چوارچێوە گشتییەی کە وێنە تاك و لێکدراوەکانی تێیدا ڕێکدەخرێن، بەو واتایەی وێنەکان دەچنە پاڵ یەك و ئەو وێنە گشتییە دروست دەکەن کە واتای گشتی شیعرەکە دەخاتەڕوو، کە بەزۆری وێنەی گشتی چەمکەکەی لەگەڵ چەمکی هۆنراوەکەدا تێکەڵ دەبێت. لەمبارەیەوە (لەتیف هەڵمەت) لە هۆنراوەیەکدا بەناونیشانی

(شەڕی سێیەمی جیهانی)دا بیری خۆی چڕ دەکاتەوە و خەستیان دەکات و کورتیان دەکاتەوەو لە وێنەیەکمان بۆ دەکێشێ:

دارستانە قژ سەوزەکە شەو بەبێ دەنگ

ڕەگەکانی خۆی هەڵڕنی و

دامێنی خۆی

کرد بە چەمی ئاگری ژەنگ

کاتێ زانی

کە بەیانی

دارەکانی

دەبڕن و دەیکەن بە قۆناخە تفەنگ

بۆ سێیەم جەنگ....! ( دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل ٤١٦)

لێرەدا شاعیر لەو خەستی و چڕی و کاریگەرییەی کە دروستی کردووە لەبارەی جەنگی سێیەمی جیهانییەوە و گێڕانەوەی ئەو بابەتە، خۆی لە درێژدادڕی بەدوور خستووە و بەهۆی وێنەکێشانێکی خێرای کتوپڕ و هەروەها وێنە خێرا یەك لە دوای یەکەکان کە شیعرەکەی لە کۆمەڵە وشەیەکی بەیەکەوە پەیوەست پێکهاتووەو بەهۆیەوە وێنەیەکی گشتی پێشکێش کردووە.

٦. مۆسیقا: یەکێك لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی، مۆسیقایە، کە وێنەیەکی جوانیناسی بەدەق دەبەخشێت، بەتایبەتیش لە شیعردا، چونکە شیعر بە پلەی یەکەم مۆسیقایە، کیش و سەروا بەو پێیەی کە دیاردەیەکی مۆسیقین لە گرینگترین رەگەزەکانی شیعر و شێوازی شیعریدان. لەگەڵ ئەوەشدا لە پەخشانیشدا مۆسیقا لەناو دێر و رستەو و وشەکاندا رۆڵی خۆی وازی دەکات و جوانییەك بەدەقەکە دەبەخشێت بۆیە مۆسیقا یەکێك لە رەگەزەکانی ئەزموون کە نووسەر بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە . مۆسیقاش دوو جۆرە دەگرێتەوە:

أ . مۆسیقای دیار یاخود دەرەوە، کە کێش و سەروا دەگرێتەوە. کە زیاتر لە دەقی شیعریدا بەرچاو دەکەوێت و بنچینەی دەقە شیعرییەکە پێکدەهێنن.

ب . مۆسیقای شاراوە یاخود ناوەخۆ، کە جۆرێکە لە ریتمێکی تەمومژاوی، کە بەهۆی گونجانی ناوخۆیی قووڵی دەقەکە و جۆرێکە لە سازانێك کە بەهۆی رەنگەکانی گوزراشتکردن

لە وشەکاندا پێکهاتووە. بۆیەش مۆسیقا لە پەخشاندا زیاتر لەو مۆسیقا ناوخۆییە خۆی دەبینێتەوە کە لە ئیقاعێکی نێوان وشەو دەستەواژەکان پێکهاتووە.

٧. شێواز: هەموو دەقێك جۆرێك شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، کە هەموو لایەنە هونەرییەکانی رێکدەخات. بۆیە شێوازیش چەندین جۆری هەیە و هەر جۆرێکیش سیفات و خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، لەوانەش شێوازی زانستی کە زیاتر پەیوەستە بە راستی زانستی لەناو دەقەکاندا و هەوڵیش دەدات شییان بکاتەوە و بڕیاران لەسەر بدات، هەروەها شێوازی ئەدەبی کە زیاتر کار لە سەر چێژ و خەیاڵ و مۆسیقا دەکات، بۆ ئەوەی لە گواستنەوەی بیرۆکەکاندا کاریگەری و کارتێکردن لەسەر خوێنەران دروست بکەن و بەهۆیەوە ئاراستەیان بکەن و زانیارییان پێ ببەخشن.

## رەگەزەکانی گێڕانەوە

گێڕانەوە زانستێکی نوێ و سەرەدەمیانەیە و ئێستا لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا جێگەو پێگەیەکی بەرزی هەیە و رەخنەگران هەمیشە بە بایەخەوە لەو زانستە دەڕوانن و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن. زانستی گێڕانەوە هەموو ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە هێڵی گێڕانەوە بنیاتی دەقەکە پێکدەهێنن. ئەو ژانرانەی کە گێڕانەوەی تێدا هەیە وەك :( ئەفسانە، حیکایەت، داستان، چیرۆك، رۆمان..تاد) دەچنە ناو چوارچێوەی ئەو زانستەوە. بێگومان زانستی گێڕانەوە جیا لەو رەگەزانەی کە دەق پێکدەهێنن، رەگەزی تایبەتی خۆشی هەیە: ئەوانیش بریتین لە دوو جۆر:

**یەکەم: توخمەکانی گێڕانەوە:**

ئەو توخمانە کە بنەڕەتین و بنچینەین و هیچ دەقێکی گێڕانەوە نییە کە توخمەکانی لە خۆ نەگرتبێت، ئەو توخمانەش هەموویان یەکدی تەواو دەکەن و بێ یەکدی بوونیان نییە. بۆیە لێرەدا ئەو توخمانە باس دەکەین:

١ـ رووداو : ڕووداو ئەو کردەیەیە لەلای هەریەکێك واتایەك دەگەیەنێ، یەکێکە لە توخمە سەرەکی و بنچینەییەکانی گێڕانەوەیە. ڕووداو وشەیەکە بۆ گەلێك مەبەستی جیاجیا بەکاردێت، لای ئینگلز(Event) ، لای عەرەب (حَدَث) ، لای فارس (رویداد) ، لای کوردیش (ڕووداو)بەکار دێت، لەبەرئەوەی پەیوەندی بەزۆربەی لایەنەکانی ژیانەوە هەیە، بۆیە لەناو کورد دا لە پاڵ ئەو وشەیە چەند وشەیەکی دیکە بەکار دێن، وەکو:(کارەسات) ، (قۆمیاو) ، (لێقەومان) ،........هتد. تائێستا ئەم وشەیە جێگیرە لای خەڵك و لە فەرهەنگەکانیشدا جێگای

خـۆی گرتـووە و نووسـەرانیش لـە نووسـینەکانیاندا بـەکاریان هێنـاوە، لـەبواری ڕێزمانیـشدا (کردار)یان (کار)ی پێدەگوترێت.

ڕۆماننووس هەوێنی بەرهەمەکەی لە ڕووداوەکانی ژیان وەردەگرێت، بەهۆی هونەرەکانی گێڕنەوە دەیانکات بە ڕووداوی هونەری ولە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا دایاندەڕێژێتەوە، لەوێشدا جووڵەو هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکتری قۆناغی ڕووداوەکان بەرەو پێش دەبەن، لەسەرەتاوە بۆ ناوەڕاست و دواتر بۆ کۆتایی، لەم ڕوانگەیەوە (د.انطونیوس بطرس) دەڵێت: ((ڕووداو کۆمەڵێ بەسەرهاتە کە حیکایەتخوان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو ڕێکیان دەخاتەوە، گەشەدەکەن وگرژ دەبن بەپێی ئەو چوار چێوە هونەریەی بۆی کێشراوە، پەیوەندیەکی تۆکمەشیان بەکارەکتەرەکانەوە هەیە)).

جۆرەکانی بنیاتی ڕووداو لەڕووی پێکهاتەی هونەرییەوە:

ڕووداو لەڕووی تەکنیکی هونەرییەوە بۆ چەند جۆرێك دابەش دەکرێن:

- بەپێی ڕۆڵ و پێکهاتەی هونەرییان، کە دەکرێتە دوو جۆرە:

١-ڕووداوی سـەرەکی: مەبەسـت لـەو ڕووداوەیـە کـە بنیـاتی گێڕانـەوەی ڕۆمـانی لەسـەر دادەمـەزرێت، بنـچینە وبنـەڕەتی دەقـی ئەدەبیـە و زۆر بـەفراوانی و هەمەلایەنیـەوە مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکرێـت و زۆرینـەی تەکنیکـەکانی ڕۆمـان لەناویـدا پراکتیـزە دەکـرێن و سـەرجەم ئاراستەو ڕێڕەوەکانی دیارن، سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەیـە، لادانـی کارێکی ئەستەمە، چونکە بۆشایی و کەلێنێکی گەورە دروست دەکات کە پڕ ناکرێتەوە، ڕۆماننووس لە ورترین و شاراوەترین نهێنی نەبینراوەوە پرۆسەی گێڕانەوەکەی دەست پـێ دەکـات و هـەوڵ دەدات ئەو پەیوەندییـە نهێنیانـە بدۆزێتەوەکـە دەبێتـە بناغـە بـۆ داهێنـانی هـەر هێشووە ڕووداوێك یـان ڕووداوێکـی لاوەکـی بـۆ زیـاتر قوڵکردنـەوەی ڕووداوی سـەرەکی، کـە مەبەسـتی سـەرەکی نووسەرە لەبەرەو پێش چوونی پرۆسەی گێڕانەوەدا، چونکە ئەم ڕووداوە ڕەنگدانەوەی بیرو فەلـسەفەکەیەتی و مەبەسـتێکی تایبـەتی خـۆی لەپـشتە دەیـەوێ گوزارشـتی لـێ بکـات و پێـشکەش بـە وەرگـری بکـات، ئازادیـشە لـەوەی چـەند ڕووداوی سـەرەکی لـە ڕۆمانەکەیـدا بەکاربهێنێ، بوونی زیاتر لە یەك ڕووداوی سەرەکی بەزۆری لەو ڕۆمانانەدا بەرچاو دەکەوێت کە ڕووداوەکانیان بەڕێچکەی تێکهەڵکێش یان تەریب بنیاتنراون.

٢- ڕووداوی لاوەکی: مەبەست لەو جۆرە ڕووداوانەیە کە ڕۆماننووس پەنایان بۆ دەبات بـۆ زیـاتر قوڵبوونـەوەو ڕوونکردنـەوەی ڕووداوە سـەرەکیەکان لەچوارچـێوەی پرۆسـەی گێڕانـەوەدا، بەمەبەسـتی دروسـت کردنـی پەیوەندیـەك لـەنێوان هـەردوو جـۆری ڕووداوی

سەرەکی و لاوەکی، تاکو ڕووداوەکان بەشێوەیەکی چالاك و کاریگەرو زیندوو پێشکەش  بە وەرگر بکات،ئەرکی سەرەکی ڕووداوە لاوەکیەکان بەخشینی زانیاری زیاترە لەبارەی ڕووداوی سەرەکییەوە لەگەڵ بەخشینی جۆرێك لە هەمەڕەنگی بە بابەتەکانی دەقەکە.ئەم جۆرە ڕووداوانە ئەو بایەخەیان نییە کە ڕووداوی سەرەکی هەیەتی، بۆیە دەکرێت لابىردرێن بێ ئەوەی خەوش و بۆشایی دروست بکەن.هەروەها نووسەر ئازادە لەوەی چۆن باسیان بکات و چەند درێژیان بکاتەوە، بەمەرجێك کارنەکاتە سەر ڕووداوی سەرەکی وبەسەریدا زاڵ نەبێت و نەیشارێتەوە.

- لەڕووی دروست بوونیانەوە، کە دەکرێتە دوو جۆرە:

١-ڕووداوی واقیعی: ئەوەیە کەرەسەی بەرهەمەکەی لە واقیعی ژیان هەڵێنجرابێ و بەداهێنانەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرابێ و بەشێوەیەك خرابێتە پێش چاو، ئاسۆی زانستی خوێنەری پێ فراوان بکرێ، واتە دوای وەرگرتنی ڕووداوەکە لە ژیانەوە، سا لەڕووی ناوەڕۆکەوە کۆمەلأیەتی، ئاینی، سیاسی، ....هتد بێت لەلایەن نووسەرەوە دەبێت لەچوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا داپڕێژرێتەوە و بەشێوازێکی هونەری بگێڕێتەوە و سودوچێژ ببەخشێ .

هەندێ ڕووداوی واقیعی هەڵقولأوی ژیانی ڕۆژانەو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی نووسەرە، ڕووداوەکە لەو کۆمەڵگایە وەردەگیرێت، ئینجا یان وەکو خۆی، واتە چۆن لە واقیعدا ڕووی داوە، ئاوا دەیخاتەوە ڕوو یاخود بەدەستکارییەوە وەری دەگرێت و بەبیری خۆی لێکی دەداتەوەو لە بێژینگی دەدات، لەگەڵ ئەندێشەی ناسکی و تێبینیە وردەکانیەوە، ئەگەر ڕووداوەکە لە واقیعی ژیانەوەش وەرگیرابێ، یان گوازرابێتەوە، بێبەش نابێت لە ئەندێشەی نووسەرەکە، بەدەگمەن هەیە ڕووداو بخرێتە ناو دەقێکی ئەدەبی شوێن پەنجەی نووسەرەکەی پێوە دیار نەبێت.

ڕاستەقینەی ڕووداوەکان ئەوەیە کە تێکەلأون لە واقیع و خەیاڵی نووسەر، بەلأم کاتێك نووسەر سۆزو خەیاڵی تێکەڵ بە ڕووداوەکە دەکات، نابێت خەیاڵەکەی وای لێ بکات لە هزری مرۆڤ بەدوور بێت، چونکە هەر لادانێك، یان زێدەڕۆییەك، وەرگر هەستی پێ دەکات.

٤- ڕووداوی خەیاڵی: ئەو ڕووداوەیە کە پەیوەستە بەخەیاڵی نووسەرەوە، لێرەدا بۆ دروست بوونی هەمان کەرەستەکانی واقیع بەکار دەهێنێتەوە، بە خەیاڵی خۆی دایاندەڕێژێتەوە بەمەش جیاوازی دەخاتە نێوان ڕووداوەکانی ژیان و ڕووداوەکانی ڕۆمانەوە. دەشێ هەندێ

جار ئەو خەياڵە لەواقيعەوە نزيك بێت لەوانەشە زۆر دوور بێ لەواقيع و تەنها لەخەياڵی ڕۆماننووسدا ئەو شتە ئەگەری ڕوودانی هەبێت.

**٢. کارەکتەر (کەسايەتی) :**

لە دەقی گێڕانەوەييدا کارەکتەر ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەيە و لەتەك ڕووداودا کرۆکی دەقەکە پێکدەهێنێت پێکدەهێنێت، چونکە بەهۆی کارەکتەرەوە هەڵوێستەکان دەردەبڕێن و پەيام و بيروبۆچوونەکان بە خوێنەر و بينەر دەگەيەنرێت. کارەکتەريش ((بەهەموو ئەو تايبەتمەندی و سيفاتە دەگوترێت کە نيشاندەری هەڵسوکەوتی کەسێکە)) . بەواتايەی کەسايەتی نمايشکردنی هەڵسوکەوتەکانە، ئەو هەڵسوکەوتانەی هێڵی درامی بەڕێوەدەبن و زيندوويی بە ڕووداو دەبەخشن، کەسايەتی ڕۆڵێکی گرنگ و تايبەتی لە پانتايی دەقەکەدا دەگێڕێت و هەڵسوورێنەری گشت لايەنەکانی ڕووداوەکەيە، چونکە ڕووداو بەبێ بوونی کەسايەتييەك بۆ بزواندنی مەحاڵە بتوانێت بەتەنيا ژيان بە دەق ببەخشێت. کەسايەتی بزوێنەر و داينەمۆی ڕووداوە و ئاراستەی هەڵسووڕاندنی ململانێيەکانی لەئەستۆ گرتووە. لەم سۆنگەيەشەوە لێکۆڵەران هەميشە کەسايەتی و دەقيان وابەستەی يەکترکردووە و بەشێوەيەك تەماشايان کردووە کە کاراکتەر و دەق تەواوکەری يەکدين و کاراکتەر لەدەرەوەی دەق ڕەهەند و ماناکانی خۆی لەدەست دەدات و دەقيش بەبێ بوونی کاراکتەر، ڕووداو و ململانێی ناوی دروست نابێت و گەشە ناکات. لەبەر ئەوە پرۆسەی خوڵقاندنی کارەکتەر، پرۆسەيەکی ئاڵۆزە و دژوارەو پێويستی بە ئەزموون و شارەزايی و لێهاتوويی نووسەرانەوە هەيە، بۆ ئەوەی بتوانن کەسايەتييەکی نەمرو زيندوو لەنێو دەقەکەدا بنيات بنێن، کە بەهۆی گفتوگۆ و هەڵسوکەوتەکانيەوە بتوانێت سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رابکێشێت. لەبەر ئەوە پرۆسەی خوڵقاندنی کاراکتەر بە پرۆسەيەکی دژوار و بێ سنوور و ياسا دادەنرێت و ژێدەرێك نييە ببێتە بنچينەی بۆ بنياتنان، پرۆسەيەکە هيچ ڕێسايەك تاسەر ناتوانێ کۆنترۆڵی بکات، بۆيە وەك دابێکی کارپێکراوی لێهاتووە کە نووسەر بابەتەکە لەمێشکی خۆيدا گەڵاڵە دەکات و دواتر کەسايەتييەکانی لەناو واقيعی کۆمەڵگەکەی ياخود لە ڕووداوێکی مێژووييەوە بۆ دەهێنێت و ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕووداوەکانيان پێ دەسپێرێت. بەپێی ڕەوتی ئەو ڕووداوانەش سيفات وخەسڵەت بە کەسايەتييەکان دەبەخشێت و لەزاری ئەوانيشەوە بيروبۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت. بەحوکمی ئەوەش کارەکتەرەکان زيندوويەتی بە ڕەوتی ڕووداوەکان دەدەن و بەرجەستەيان دەکەن، بۆيە زۆرجار ڕووداو کاريگەری لەسەر

کەسایەتییەکان بەجێ دەهێڵی و لەژێر کارتێکردنی تانوپۆی ڕووداودا، کەسایەتی لەناو پانتایی دەق هەڵسوکەوت دەکات و بەپێی بارودۆخی ڕووداوەکەش، کەسایەتی گۆڕانی بەسەر هەڵوێستەکانی دادێت. بەپێچەوانەوەش گەلێکجار کەسایەتی ڕەوتی ڕووداوەکان وەکو خۆی چۆنی مەبەستە بەوشێوەیە دەیجووڵێنێتەوە و بەڕێوەی دەبات. ئەمەش بەگشتی بۆ دنیابینی و گۆشەنیگای نووسەر دەگەڕێتەوە، کە خوڵقێنەری کەسایەتی و ڕووداوی دەقەکەوە خۆی ستراتیژییەتی کارکردنی کەسایەتی و ڕووداو لەدەقدا دادەڕێژێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار خودی نووسەر لەژێر کاریگەری ڕەهەندەکانی خوڵقاندنی کەسایەتییەوە، دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی کەسایەتییەکە و لە بەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخانە، جووڵەو کارکردنی کەسایەتییەکە دیاریدەکات. بەواتایەی نووسەر ناچارە لەچوارچێوەی ئەو خەسڵەت و سیفاتانەی کە لەناو پانتایی دەقدا، بە کەسایەتی بەخشیووە مامەڵە لەگەڵ کەسایەتی دەقەکەی بکات و تاڕادەیەك سنوور بۆ حەز و ویستەکانی خۆی بۆ کارکردن و جووڵانەوەی کەسایەتییەکە دیاری بکات، بەو شێوەیە کەسایەتی کە لەواقیعی کۆمەڵگەکەی وەرگیراوە دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەیە و هەمیشەش بەپێی گۆڕانی ئەو بارودۆخانە کەسایەتیش دەگۆڕێت. بەواتای ئەوەی هیچ کاتێك کەسایەتی لەدۆخێکی چەسپاو و جێگیردا نییە، بەڵکو بەپێی مەودا و ڕەهەندەکانی خۆی لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵدا هەمیشە لە جووڵە و کردار دایە. کارەکتەریش کۆمەڵێك ڕەهەندی هەیە کە ئەمانەن:

أـ ڕەهەندی سیاسی: بیروڕاو ئایدلۆژییەتی کەسایەتی دەگرێتەوە. لێرەدا هەڵسوکەوتی کەسایەتی لەناو دەقدا بەپێی جۆری بیرکردنەوە و ئاراستەی ئایدۆلۆژییەکەی دادەڕێژرێت و هەڵوێستی کەسایەتی بەرامبەر بە ڕووداو و پێشهاتەکان دیاری دەکرێت.

ب . ڕەهەندی دەروونی: لایەنی پێکهاتەی دەروونی کەسایەتی دەگرێتەوە و حەز و ئارەزوو و کەموکورییە دەروونییەکان و توانستەکانی و جۆری بیرکردنەوەی و ئاراستەی کارکردنی لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەستنیشان دەکات. لێرەشدا ناخی کەسایەتی والا دەبێت و بەپێی ناسینی سیفاتە دەروونییەکانی مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت.

ج . ڕەهەندی کۆمەلایەتی: جێگەو پێگەی کەسایەتی لەنێو کۆمەڵگەدا دەستنیشان دەکات و تیشك دەخاتە سەر پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی و بنیاتی قەوارەی کۆمەلایەتی کەسایەتی شیدەکاتەوە لە پەیوەندیکردنی لەگەڵ خێزان و دەوروبەر و ژینگەکەی و خوو و ڕەفتارەکانی.

د . ڕەهەندی جەستەیی: زیاتر جەخت لەسەر لایەنی پێکهاتەی جەستەیی کەسایەتی دەکاتەوە لەدیاریکردنی هەڵکەوتەی جەستەی کاراکتەرە، ئەویش پەیوەستە بە هۆکارە

خۆڕسك و سروشتییەکانەوە تا دەگات بە پەروەردە و باری ئابووری و...تاد. ئەم رەهەندانە کاریگەرییان لەسەر گەشەکردن و نەشونماکردنی کەسایەتی لەناو دەقدا هەیە

**کاراکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە دوو جۆرە:**

**١. کاراکتەری پەرەسێن:**

**ئەو کاراکتەرەیە، کە لەناو ڕووداوەکاندا گەشەدەکات و گۆڕانی بەسەر دادێت. هەر ئەمەش وادەکات کە خوێنەر بەدواداچوون بۆ هەڵسوکەوتوو چۆنیەتی ژیانی بکات، تا بزانێ سەرەنجام بە چی دەگات. وردەوردە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کاتی چیرۆک و ڕووداوەکە گەشە دەکات، ئینجا چ لەلایەنی باشەبێت یان لە لایەنی خراپە.**

**٢. کاراکتەری پەرەنەسێن:**

**بە پێچەوانەی کاراکتەری پەرەسێنەوە، کاراکتەری پەرەنەسێن کاراکتەرێکە لە گەشەکانیدا سادەیە، ئاڵۆزنیە، خاوەن یەک سیفەت یان یەک سۆزە، لەسەرەتای چیرۆکەوە تاکۆتای هەروا دەمێنێتەوە. بێگومان خاسیەتەکانی کاراکتەری پەرەنەسێن تەنیا پەیوەندی بەکاراکتەری لاوەکیەوە نیە، بەڵکو زۆرجار کاراکتەری سەرەکیش دەگرێتەوە، بەتایبەتی ئەو ڕۆڵانەی بەرەهەندی ئایدۆلۆژیەوە هەیە. ئەم کاراکتەرە هەرچەندە لە گەشەکردندا سادەیە، بەڵام مەرج نیە تەنیا لە کاراکتەرە لاوەکیەکانەوە هەبێ، هەندێجار لە کاراکتەری سەرەکیە، بەڵام ڕۆڵێکی لاواز دەبینێت بۆیە ڕووداوەکان زۆر بەکزی بەرەوپێش دەبات.**

**کاراکتەر لە ڕووی ئەرکەوە دوو جۆرە:**

**١. کاراکتەری سەرەکی:**

**کاراکتەری سەرەکی وەکو لەناوەکەیدا دیارە، لەبەر ئەوەی ڕۆڵێکی بنچینەی لە بەرەو پێشچوونی ڕووداو پرۆسەی گێڕانەوەی دەقدا هەیە. کاراکتەری سەرەکی لەبەر ئەوەی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە بنیاتی دەقی گێڕانەوەدا بۆیە زیاتر باس دەکرێت و زیاتر ڕەهەندەکانی ژیان و وردەکاریەکانی دەخرێتەڕوو، جا ئەو خستنە ڕووە چ لە ڕێگەی گێڕانەوەی نووسەربێت یان لە ڕیگەی خۆیەوە.**

**٢. کاراکتەری لاوەکی:**

**کاراکتەری لاوەکی شان بەشانی کاراکتەری سەرەکی لە دەقەکەدا خۆیان پیشان دەدەن و بە پێی ڕۆڵەکەیان هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر ڕووداوەکان دەردەبڕن. وەک چۆن کاراکتەری سەرەکی ڕۆڵی هەیە لەڕووداوەکاندا بەهەمان شێوە کاراکتەری لاوەکیش بەپێی ڕۆڵ و گرنگیان دەرەکەون .**

**٣. کات:**

**کات یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی دەقی گێڕانەوەیی و وەکو رەگەزێکی تەکنیکی بایەخی خۆی لە پانتایی دەقدا سەلماندووە و شاعیران سەروسەودایان لەگەڵدا کردووە و**

لەهەوڵی ئەوەدابوونە، کە مامەڵەیەکی ئیستاتیکی و هونەری لەبەرامبەردا بکەن. کات بەوە دەناسرێت کە بەشێکە لە پێکهاتەکانی تەکنیك و لەڕێیەوە شوناسی زەمەنی رووداو و کاراکتەرو رەگەزەکانی تر بەدیار دەکەون (کات) بوونێکە لەدەستی نووسەردا ئەو لەگەڵ رووداوەکاندا دەیگونجێنیٚ، خودێکی گوزارشتکار نییە تا بچێتە ڕیزی ناوەرۆکەوە بابەت لەگەڵ خۆی بێنی و بیرۆکەیەك ڕابگەیەنیٚ، بەهێندی ئەوەی دروستکراوێکە لەنێو دەقدا بۆ فەراهەم بوونی سەرجەم پێکهاتەکانی رووداو، چونکە هیچ رووداو، و بابەتێك بیٚ کات و شوێن نییە. سەرەڕای ئەمەش خولقاندنی کات و جووڵاندنەوەی لەژێر کۆنترۆڵی خودی نووسەر دایە و هەر ئەویش بەپێی ویست و مەبەستەکانی، کاتەکە لەگەڵ رووداوی بابەتەکەدا دەگونجێنیٚ و بۆ بەرژەوەندی بابەتی دەق دەستنیشانی دەکات. کات لەدۆخێکی چەسپاو و جێگیردا نییەو هەمیشە لە جووڵانەوە دایە و هەنگاو بۆ دواوەو پێشەخۆی دەهاوێژێت. بۆیە ئەو کاتە کاتێکی رێژەییە کە چۆنییەتی گێڕانەوەی رووداوەکان و جولانەوەی کەسیەتییەکان لە ئێستا و رابردوو وئایندەدا بەگوێرەی شێوازی گێڕانەوەی تێکستەکە رێك دەخات و بەگونجاوترین شێوە گوزارشت لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و فیکری ئەوان لە هەڵوێستە جیاوازەکان دا دەکات و فەلسەفەی ژیانیان لەسەرەتاوە تا کۆتایی رووداوەکان پیشان دەدات. هەرچەندە کاتی هەر رووداوێك سەرەتا و کۆتایی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا جووڵانەوەی کات هەمیشە لەسیٚ رەهەندی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە (رابردوو، ئێستا، داهاتوو) ئەو سیٚ رەهەندە کرۆکی مانای کات دەبەخشن و هەمیشە کات لەنێو ئەو کایانەدا لە هاتووچوونێکی بەردەوامدایە. لەگەڵ ئەوەشدا لە لای زۆران گرنگترین جۆری کات، کاتی ئێستایە کە بوونی تێدا بەرجەستە دەکرێت، مرۆڤ لە ئاگایی دایە بەم واتایە کاتی ئێستا کاتی چەقە و لەوێوە کات بۆ دواوە دەگەڕێتەوە و رابردوو زیندوو دەکاتەوە و گیانی بەبەردا دەکات و لە بارێکی نائاگاییەوە دەیهێنێتە بارێکی ئاگاییەوە. هەر لەوێشدا هەنگاو بەرەو کاتی داهاتوو هەڵدەگرێت و نەخشەو پلانی بۆ دادەنێت، چونکە کاتی داهاتوو، کاتێکی بزرو شاراوەیە و نادیارە. بەم پێیەش کاتی ئێستا بوونێکی ماددی فیزیکی دەخاتە بەردەستی شاعیر بۆ ئەوەی لەو کاتە فیزیکییەدا کاتەکانی دیکەی رابردوو وداهاتوو بەرجەستە بکات، بۆیە هەمیشە کاتی ئێستا جێگەی بایەخ پێدان بووە لە پەیوەندی بەستن بە رایەڵەکانی رابردوو و داهاتوودا پێگە و گرنگی خۆی پاراستووە. بەشێوەیەکی گشتی کات لە دەقدا بەچەند شێوەیەك خۆی دەنوێنێت:

أـ كاتی ناوەوەی دەق: كاتێكی ماددی فیزیكی بەرجەستەكراوە لەناو دەقدا و كاتێكە هەستپێكراوە و لەسەرەتای رووداودا دەست پێدەكات و لەكۆتایی رووداودا دوایی دێت. ئەو كاتە، كاتی دەقی بابەتەكەیە بەگشتی.

ب ـ كاتی دەرەوەی دەق: ئەو كاتانە دەگرێتەوە كە رووداو لە ناو دەقدا لە كاتێكی ئێستاییەوە هەنگاو بەرەو كاتیٚ رابردوو یان داهاتوودا دەنێت و لەوێوە بەهۆی تەكنیكی فلاش باك رووداوگەلێك دێنێتەبوون، كە دەكەونە دەرەوەی بازنەی كاتی دیاریكراوی دەقەكە. واتە لەنێو ئەو كاتە دیاریكراوەشدا چەندین كاتی دیكە دەستنیشان دەكرێن و سنووری كاتەكە فراوانتر و مەودا درێژ دەكەن و بەم پێیەش لەناو كاتی ناوەكیدا، كاتی دەرەكی دەست بە جوولە دەكات و ئاراستەی بەرەو رابردوو یاخود داهاتوو دەكات. جان ریكاردۆ لە كتێبی (كێشەكانی رۆمانی نویٚ) دا ناو لەم كاتە زیادەیەی ناوەوە دەنێت كاتی دەرەوەی دەق .

ج ـ كاتی نووسینی دەق: ئەو كاتەیە كە شاعیر رووداوی بابەتەكەی لەهزردا چەكەرە دەكات و لە بۆتەی دەقدا دایدەرێژێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە شاعیر لەكاتێكی دیاریكراودا بە بابەتێك لە بابەتەكانی ژیان كاریگەر بووە و ورووژاندوویەتی، چونكە درامانووس ناتوانێت سەبارەت بە شتێك بنووسێت گەر ئەو شتە نەیوروژاندبێت، چونكە گەر وانەبێت ناتوانێت خوێنەران (یا تەماشاكەران)یشی بوروژێنێت ، بۆیە سەرجەم قۆناغەكانی نووسینی دەق پەیوەندی بە كاتەوە هەیە و كاتیش پەیوەستە بەخودی شاعیرەوە، بۆیە گەلێكیان لە سەرەوە دەقەكە یاخود لە كۆتایی دەقدا، رۆژ و مانگ و ساڵی نووسینی دەقەكە تۆمار دەكەن. زانین و تۆماركردنی ئەو كاتەش بۆ رەخنەگران و خوێنەران لە زانینی و دەستنیشانكردنی بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ژینگەیی و دەروونی دەقەكە بایەخی خۆی هەیە.

### ٤. شوێن:

شوێن یەكێكە لەو توخمە گرنگانەی كەهەمیشە پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوە و سیماو خەسڵەتە تایبەتییەكانی مرۆڤ دەنەخشێنێت و بەهۆیەوەش مرۆڤ جەخت لەسەر سەلماندنی بوونی خۆی دەكاتەوە، چونكە بوونێك نییە لەدەرەوەی شوێن. واتە هەموو بوونێك لە سنوورێكی دیاریكراوی شوێندایە و بەو پێیەش مرۆڤ وەكو بوونێك لەچوارچێوەیەكی سنووربەندی شوێندا دەژیت. سەرەڕای ئەمانەش شوێن وەكو یەكێك لە توخمە پێكهێنەرەكانی دەق، گرنگی و بایەخی خۆی لە پانتایی دەقدا هەیە وبەهۆی شوێنەوە سیستەمێك لە مانا و تێگەیشتن لە تایبەتمەندێتی ئەدەبی دێتەكایەوە، چونكە كاتێك كاری ئەدەبی، شوێنگەی ون دەكات، ئەوا تایبەتمەندێتی و رەسەنایەتی خۆی لەدەست دەدات،

بۆیه هیچ کارێکی ئەدەبی ناتوانێت رەهەندەکانی  شوێن فەرامۆش بکات. واته شوێن خاوەنی ناسنامه و هەڵگری دەلالەت ودەسەڵات وسیستم و کەش و رەهەند و سروشتی خۆیەتی. لەبەر ئەوەشه جەوهەر و کرۆکی کاری ئەدەبی پێکدەهێنێت و بەهۆیەوە تایبەتمەندی به گشت توخمەکانی دیکەی تەکنیك  دەبەخشێت. بەشێوەیەك هەموو توخم و تەکنیکەکانی دیکه بەبێ شوێن توانای بنیاتنان و بەرەوپێشبردنی ژیانی دەقیان نییه، چونکه کەسایەتییەکان بۆ بزاڤ وجووڵانەوەیان، پێویستییان به شوێنێك هەیه، کاتیش پێویستی بەوە هەیه له شوێنێك جێگیر بێ و لەناویدا بڕوا یاخود بۆی بچێت، رووداوەکانیش له بۆشاییدا روونادەن وئەگەر له شوێنیش دایبڕی و جیای بکەیەوە، گێڕانەوەیان مەحاڵ دەبێت. ئەم رۆڵ گێڕانەی شوێنیش له چەسپاندنی جووڵەو بزاڤی توخمه تەکنیکییەکانی دیکەدا ئەرکێکی فره لایەنی به شوێن بەخشییووە. کاتێکیش شاعیر بابەتێك دەستنیشان دەکات، لەهەمانکاتیشدا شوێنێش بۆ رووداوەکانی ئەو بابەته دەخوڵقێنێت. ئەو شوێنەش که شاعیر دروستی دەکات شوێنێکی خەیاڵییه، بەڵام شێوەی ئەو شوێنه خەیاڵییه رەنگه بەهەمان ستایل و قەبارەو ناسنامەوە لەواقیعیشدا هەبێت. ئەو شوێنه کاریگەری لەسەر ژینگه و سروشتی رووداوەکه دروست دەکات وله پەرەسەندن و بەرەوپێشبردنی رووداوەکەدا تا گەیشتنی به ترۆپك بەشدار دەبێت و تایبەتمەندییەکانی دەق لەرووی کەلتووری و جوگرافی و سروشتی و کۆمەڵایەتییەوە دەخاتەڕوو. بەهەمان شێوە کەسایەتیش پابەندی شوێنه و پێکهاتەو جۆری شوێن کاریگەری له خووڕەوشت و پێکهاتەی دەروونی کەسایەتییەکان دەکات. بەو هۆیەوەش رەهەندەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ژیاری کەسایەتییەکان دیاردەخرێت. هەروەها شوێن سیما و خەسڵەت وجۆری ژیانی کەسایەتییەکان شیدەکاتەوە. بۆ نموونه سیماو خەسڵەتی کەسایەتییەکی نیشتەجێی گوند جیایه له سیما و خەسڵەتەکانی کەسایەتییەکی نیشتەجێی شار. ئەم تایبەتمەندییه بەهۆی کاریگەری و کارتێکردنی شوێنەوە لەسەر کەسایەتییەکان دروست دەبێت کەواته شوێن تایبەتمەندی بەکارەکتەر دەبەخشێ و دەتوانێ سیما و خەسڵەتێکی وای بداتێ، که بەسانایی له یەکێکی تری سەر بەشوێن و ژینگەیەکی تر جیابکرێتەوە. کاتیش بەدەوری خۆی دەکەوێته ژێر کۆنترۆڵی شوێنەوە. هیچ رووداوێك نییه کات و شوێنی نەبێت، کات بەهۆی شوێنەوە یەکەکانی خۆی دیاری دەکات و بەشداری له رەوتی رووداودا دەکات، بۆیەش شوێن گرنگییەکی تایبەتی وەرگرتووەو گەلێك له رەخنەگران له جێگەی کاتدا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و پێیان وایه بوونی شت لەناو شوێندا، روونتر و تۆکمەتره لەبوونی لەناو کاتدا.

## دووەم: تەکنیکەکانی گێڕانەوە:

دەقی گێڕانەوەیی چەندین تەکینك لە خۆ دەگرن کە کارئاسانی بۆ توخمەکانی گێڕانەوە دەکەن و یارمەتی نووسەریش دەدەن بیروڕاو زانیارییەکان بگەیەنێت. ئەو تەکنیکانە نووسەر پابەند بەوە ناکات هەموویان بەکار بهێنێت، بەڵکو دەکرێت بە پێی پێویست و واقیعی دەق مامەڵەیان لەگەڵ بکات، کە ئەمانە:

١. دیالۆگ:

یەکێك لە تایبەتمەندە هەر دیارەکانی دەقی گێڕانەوەیی، دیالۆگە، کە بەهۆیەوە لەتەواوی ژانرەکانی دیکە جیادەبێتەوە و پێی دەناسرێتەوە، بۆیە دیالۆگ وەکو تەکنیکێك بە بڕبڕەی پشتی شیعری شانۆیی لەقەڵەم دەدرێت و تا ئەمڕۆش بە یەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی ئەو هونەرە ئەدەبییە دادەنرێت، چونکە دایەلۆگ بووە بەیەکێك لەبنەما هەرە گرنگەکانی شانۆ و دەورێکی بنەڕەتی پێدراوە لە فراوانکردنی پلۆت و گەشەکردنی ناوەرۆك و دیاریکردنی ڕەوتی رووداو و ناسینی کارەکتەرەکانی شانۆدا. ئەگەرچیش دیالۆگ وەکو یەکەیەکی گرنگی تەکنیك لە ژانرەکانی دیکەی وەکو داستان و چیرۆك و کورتە چیرۆك و رۆماندا رۆڵی گێڕاوە،بەڵام هیچیان بەهێندەی دراما وەك رەگەزی سەرەکی تێیاندا کار ناکات و نەبوونەتە بنچینەی پێکهێنان و دامەزراندنی دەق، بۆیەدەڵێن گەر شانۆ گەنجینەیەکی داخراو بێت، ئەوا گفتوگۆ کلیلی کردنەوەی دەرگای ئەو گەنجینەیەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەی دیالۆگ زیندوویەتی بە دەق دەبەخشێت و لەژیانی راستەقینەی مرۆڤی نزیك دەکاتەوە، بەشێوەیەك کە دەقێکی شیعری شانۆیی دەخوێنیتەوە، هەستێکی وا لەلا دروست دەبێت، کە کەسایەتییەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی نمایشی رووداوەکەت بۆ دەکەن و مەبەستەکەت پێ دەگەیەنن، چونکە دیالۆگ ئامرازێکی گەیاندنە لەنێوان ئەکتەر و بینەردا و بەهۆیەوە ئەکتەر زانیارییەکانی لای خۆی بە بینەر دەبەخشێت.

یەکێك لەخەسڵەتە هەرە سەرەکییەکانی دیالۆگ ئەوەیە کە زمانی کەسایەتییەکانەولە ئاخاڤتنی کەسەوەش، دەتوانین هەموو شتێك بزانین . بۆیە هەر ئەو خەسڵەتەشە تایبەتمەندی پێبەخشیوە و لەزمانی گێڕانەوەی جودای کردۆتەوە، چونکە زمانی گێڕانەوە خودی نووسەرە، کەچی زمانی دیالۆگ، زمانی کارەکتەرەکانە. لەبواری گێڕانەوەدا دەکرێت رازانەوەو سەنعەتکاری پەسند بکرێت، هەروەها ئەم شتە جوان و بەکەڵکە، بەڵام لەبواری دیالۆگدا دەخوازێت زمانی کارەکتەر لەگەڵ ئەو دەورەی پێی سپێردراوە گونجاو بێت. دیالۆگ لەناو

دەقدا، تەنیا بریتیی نییە لە چەند وشە و رستە ودەستەواژەیەك، کە لەچوارچێوەیەکی زمانەوانی و هونەرییدا رێکخرابن، بەڵکو یەکێکە لەگرنگترین ئامرازەکانی دەستی نووسەرە، بۆیە زمانی دیالۆگ پێویستە زمانێکی سادەو ساکار بێت و بەئاسانی مەبەست و ئامانجەکە بگەیەنێت. بەو واتایەی دەبێ زمانێکی هێندە ئەفسووناوی نەبێت کە وا لەخوێنەر بکات بۆ لێکدانەوە و راڤەکردنی. پەنا بۆ بەکارهێنانی فەرهەنگ ببات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زمانی دیالۆگ لە دەقدا بەشێوەیەك بێت لەلایەکەوە تەمومژی لەخۆ نەگرێت و سادەو رەوان بێت، لەلایەکی دیکەشەوە لە زمانی ئاسایی و گفتوگۆی رۆژانەی خەڵکی دوور بکەوێتەوە و لەبۆتەیەکی هونەری سەرەنجڕاکیش رێکخرابێت،. بۆیە پێویستە نووسەر دیالۆگ بەشێوەیەکی سروشتی بخاتەڕوو و لەهەمانکاتیشدا هەوڵ بدات لە قالبێکی تۆکمەی هونەریدا دایبڕێژێت. هەروەها لە زمانی ئاسایی رۆژانە دووری بخاتەوە، چونکە زمانی دایەلۆگ، گەلێك جیاوازی لەگەڵ زمانی دەرەوەی دەقدا هەیە، ئەگەرچی وا بەخوێنەر دەکات کە زیاتر متمانەی بەقسەکانی ناو دەقەکە هەبێت و بەجۆرە قسەیەکی مرۆیی بزانێت. ئەگەرچی لەڕاستیشدا وا نییە، دایەلۆگی ناو دەق نەغمەی نییە، دەنگ هەڵبڕین و تەعبیری سەر روخسار و ئیشارە و جوڵانەوەی وردی ماسوڵکەی لەگەڵدا هاوکات نییە، لەم جۆرە دایالۆگەدا قسە بەر قسە ناکەوێت و قسەبڕی تێدا نییە و ڕێ نادرێت قسە بەلایەکی تردا بچێت. هەروەها رێ بە زۆر بڵێیی بێ ئامانج نادات، چونکە بەخۆی ئامانجدارەو راستەوخۆ مەبەستی دیاریکراو دەگەیەنێت. دیالۆگ دوو جۆرە:

١ . دیالۆگی راستەوخۆ: بریتییە لەو دیالۆگەی کە بەنۆرە دوو کارەکتەر یان زیاتر لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا . یان کورتە چیرۆکێکدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری تێدا دەکەن .. لەسەر بنەمای بیرۆکەی دیمەن دادەمەزرێت کە لەرێی ئەوەوە قسەی کارەکتەرەکان پێشکەش دەکرێت. زۆر جار ئەم دایەلۆگە لەرێی (پاڵەوان - چیرۆکگێڕەوە) راستەوخۆ پێشکەش دەکرێت، چونکە ئەم جۆرە کارەکتەرانە دوو دەور دەگێڕن. یەکەمیان دەوری کارەکتەرە و دوومیان دەوری چیرۆکگێڕەوەیە.

٢ . دیالۆگی ناراستەوخۆ: بریتییە لەو جۆرە دیالۆگەی کە شاعیر دیالۆگەکانی راستەوخۆ لە زاری کەسایەتییەکانەوە وەردەگرێت و دەیانگێڕێتەوە. واتە دەنگی شاعیر لەسەرووی دەنگی کەسایەتییەکانەو بەهۆی ئەو گێڕانەوەش ئێمە ناسنامە و رەهەند و مەوداکانی کەسایەتییەکانمان بۆ روون دەبێتەوە. هەروەها شاعیر دیالۆگی کەسایەتییەکانی لە زەمەنێکی رابردووەوە دەهێنێت و لەنێو زەمەنی ئێستایی دەقدا دووبارە بنیاتیان دەنێتەوە، بۆیە

ناوەڕۆکی دایەلۆگ پەیوەندی بە ڕابردووەوە دەبێت و هەمیشە لەو زەمەنەوە وەردەگیرێ و لەکاتی ئێستای گێڕانەوەدا، چیرۆکگێڕ دەیانخاتە ناو دەقەگێڕاوەکەوە. بەمەش هەستی ئێستایی وەردەگرن و خوێنەر وا دەزانێ کە ئێستا قسەکان دەکرێن و کارەکتەرەکان لە زەمەنی ئێستادا ئاخاوتن دەکەن.

**٢. مەنەلۆگ:**

ئەرکی مەنەلۆگ لەناو دەقدا هەروەکو دیالۆگ گەیاندنی زانیارییە. ئەو زانیارییانەی تایبەتن بە کەسایەتی و ڕووداو و کات و شوێنەوە، بەڵام لەوکاتەدا مەنەلۆگ دەست بە چالاکی و بزاڤ دەکات، کە دیالۆگ نەتوانێت ئەو ئەرکانە بەجێ بگەیەنێت مەنەلۆگ لەوکاتەدا لەدایك دەبێت، کە دیالۆگ نەتوانێت گوزارشت لە زمان و باری دەروونی ناخەپەنگ خواردووەکەی کارەکتەر و نووسەرەکە بکات. بەو واتایەی دیالۆگ لەبەرامبەر دۆخێکی دیاریکراودا دەستەوەستان دەبێت و توانای دەربڕینی نامێنێت. لەمبارەیەوەش چ خودی شاعیر و چ ئەو کەسایەتییانەی، کە لەنێو دەقدا خوڵقاندوویەتی لەهەندێك ساتەوەختدا دیالۆگ ناتوانێت هزرو ناوەرۆکی دەروونیان بخاتەڕوو، چونکە ئەگەر مرۆڤ لەلایەك هەوڵی ئەوە بدا ڕوانین و بۆچوونەکانی بەهەر شێوەیەك بێت دەربڕێ ئەوا لەلایەکی دیکەدا بەشێك لەو ڕوانین و بۆچوونانە بە شاراوەیی لەلای خۆی دێڵێتەوە وگوزارشتیان لێ ناکا و ئەرکی گوزارشتکردنیش لەو بۆچوونە شاراوانە دەکەوێتە سەر مەنەلۆگ. ئەمەش ڕووی جیاوازی لەنێوان دیالۆگ و مەنەلۆگ پێکدەهێنێت، بەوەی دیالۆگ هەمیشە لەنێوان دووکەسایەتی دەبێت و دەمەتەقێی نێوانیان و وەڵامدانەوەیان دوو توێی ئەو زانیارییانە پێکدەهێنن، کە نووسەر لەناو دەقدا ئاراستەی دەرەوەیان دەکات. واتە هەمیشە لەنێو ئەو واتایەدا پرسیارێك هەیە، خواستنی وەڵامێك، یان پێشبینیکردنی وەڵامێك لە ئارادایە، بۆیە لەوێ هەمیشە دوو خود بوونیان هەیە (ئەمەش نزمترین ڕادەیەی سنووری دیالۆگە. بەو واتایەی سنووری دیالۆگ لە پێکهاتەیەکی سادەدا لەهێڵێکی دوو سەرەدا کۆتایی پێ دێت، کە لەهەر سەرێکدا کەسایەتییەك بوونی ئاشکرای خۆی هەیە و بەشدارە لە گفتوگۆکردندا. بەپێچەوانەوە مەنەلۆگ پەیوەستە بە کەسایەتییەکی دیاریکراو، کە بێ چاوەڕوانکردنی وەڵامی کەسایەتی بەرامبەر بەناو ناخ و ژووره تاریکەکانی دەروونی ئەو کەسایەتییەدا شۆڕ دەبێتەوە و لەوێوەوە زانیارییە نهێنییەکان بەدەست دەخات و ئاشکرایان دەکات و ئاراستەی ناو پانتایی دەقیان دەکات. ئەو ساتانەش بەراستگۆترین ساتەکانی دەربڕینی کەسایەتی لەقەڵەم دەدرێت کەبۆخۆی لەگەڵ

**خۆیدا، یان لەگەڵ هێزێکی نادیار گفتوگۆ دەکات. بەم پێیەش مەنەلۆگ ئاخاوتنێکی دەروونی داخراوە، گوزارشت لە هەڵچوون و تێکچوون و شڵەژانی دەروونی کارەکتەر دەکات کە لەژێر کاریگەری رووداوەکانی ناو ژینگەی دەقەکە، یاخود لە مەیدانی ململانێی نێوان کارەکتەرەکاندا دروست دەبن. ئەو باری هەڵچوون و شڵەژانەش پەیوەندییان بەخودی بابەت و رووداوی ناو دەقەکەوە هەیە. بەو واتایەی مەنەلۆگ دیوی ناوەوەی کەسایەتی دەخاتەڕوو واتە دیوی نەستی، هەروەها رێگای هاتنە دەرەوەی ئەو ویستانەشە بەرەو دیوی هەستی، کە لەلای کەسایەتییەکانی دیکە شاراوەیە و بەرچاو نییە. بەم پێیەش نووسەر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ پەیوەندی بە خوێنەرەوە دەکات و زانیارییەکانی پێدەگەیەنێت وخوێنەر لەدەروونی کەسێکدا کە گوایە لەگەڵ خۆی دەدوێت، جێگیر دەکات، مانای هەست بەو کارانەی ئەنجامیان دەدات و ئەو رووداوانەی بەسەر ئەودا تێدەپەڕن ناکات، مەگەر بە ئامادەبوونی خۆی راستەوخۆ لەرەوتی زەینی ئەودا. نە بەو مانایەی بیری ئەو بخوێنێتەوە(وەك چۆن رۆژنامە دەخوێنێتەوە) بەڵکو بەو مانایەی لەناو بیرو هزری ئەودا بوونی هەیە، واتە وەك بیری خۆی هەستی پێدەکات، بیرو هزرێك کە هێشتا دروست نەبووە و بەدوای خۆیدا دەگەڕێت. بۆیە ئەو زانیارییانەی ناخ، شڵەژاوی و بیٚ سەروبەرییەکی پێوەدیارە، لەبەر ئەوەی کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی هەست و نەستە پەنگخواردووەکانەوە. بەو پێیەش خستنەڕوو، و ئاشکراکردنی ناخ و دەروونی کەسایەتی زیاتر دەچێتە چوارچێوەی مەنەلۆگی ناوخۆیی. واتا ئەو مەنەلۆگەی کە زیاتر خودی کەسایەتییەکان بەرچاو دەخات. ئەمەش جیاوازی لەگەڵ مەنەلۆگی شانۆییدا هەیە، کە زیاتر بەخودواندن ناسراوە. لە مەنەلۆگی شانۆییدا ئاشکراکردنی ناخ و دەروونی کەسایەتی تەنیا بۆ کەسایەتی نییە، چونکە بینەریش بوونی هەیە و بەشدارە لە وەرگرتنی زانیارییەکانی ئەو مەنەلۆگە) بۆیەهەر چی پەیوەندی بە مۆنۆلۆگی دراماییەوە هەیە کە بەخوداندن ناسراوە، ئەوا ئەم جۆرە جیاوازییەکی گرنگی لەگەڵ مۆنۆلۆگی ناو خودیدا هەیە، ئەم جیاوازییەش لە ئەگەری بوونی گوێگردا خۆی دەنوێنیٚ، لەبەر ئەوە دەبینین ئەکتەری سەر شانۆ کاتێك لەگەڵ خۆدا بەدەنگی بەرز دەدوێت، رستەکانی واتاداران و وشەکانی پێکەوە بەستراون و تاڕادەیەکی زۆریش ئاستی رێکوپێکی رێزمانیان پێوە دیارە ، چونکە ئەو قسانە ئاراستەی بینەرانی شانۆ دەکرێن بۆ ئەوەی ئەو بینەرانە لەو قسانە تیٚ بگەن. بەو واتایەی لەشیعری شانۆییدا بەهەمان شێوەی دیالۆگ، دامەزراندن و بنیاتنانی مەنەلۆگ لە بۆتەیەکی هونەری شیعریدا رێکدەخرێت. ئەگەرچیش زیاتر لەچوارچێوەی خۆدواندنی کەسایەتییەکەوە دەبێت، بەڵام لەگەڵ گریمانەی**

**ئەوەی کە خەڵکێك بەبێ دەنگی دانیشتوون و گوێ لە وتەکانی دەگرن، بۆیە بەپێی پێویست ئەو تەکنیکە سەبارەت بە پێشکەشکردنی قووڵاییەکانی ئەو هۆشەی کە لەڕێی مەنەلۆگی ناوخۆییەوە پێشکەش دەکرێن، کەمتر هەرەمەکییە وزیاتر دیاریکراوترە، چونکە جگە لە کەسایەتییەکانی ناو دەق، بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ خەڵکانی دیکە بەشداری لە وەرگرتنیدا دەکەن.**